(راپۆرت)

## بەدواداچوون بۆ راپۆرتی ساڵانەی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ
## سەبارەت بە رەوشی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٠

<u>نووسینگەی رێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم</u>

## پێشەکی:

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بەشێوەیەکی وەرزی هەڵسەنگاندنی خۆی دەربارەی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ئامادە دەکات لەم چوارچێوەیەدا ڕاپۆرتی ساڵانەی دەستە بڵاودەکاتەوە.

لە راپۆرتەکەی دەستەی سەربەرخۆی مافی مرۆڤ کە لە ساڵی ۲۰۲۱ دا رایگەیاند ئاماژە بە چەند بابەتێکی گرنگ دەکات وەک لایەنی مەدەنی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان لە هەرێمی کوردستان. هەروەها بە وردی تیشک دەخاتە سەر رەوشی ئازادییەکان لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بارودۆخی گرتووخانە و چاکسازییەکان، توندوتیژی دژی ئافرەتان، مافەکانی منداڵان، ئازادی رادەربڕین و کاری رۆژنامەوانی، ڕەوشی کرێکارانی بیانی و ناوخۆیی، تەندروستی، رەوشی ئاوارەکان، مافەکانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت، خوێندنی ئۆنلاین، سەروەری یاسا، ماددەی هۆشبەر و ژینگە و دەرئەنجامەکانی دەخاتە روو.

بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید-۱۹) لە سەرەتای ساڵی ۲۰۲۰ کە کاریگەری نەرێنی زۆری هەبووە لەسەر ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانی هەرێم بە گشتی، حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچار بوو رێوشوێنی تەندروستی توند بگرێتەبەر بۆ مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی ڤایرۆسەکە و پاراستنی گیانی هاووڵاتیان. لەم بارەوە هەوڵەکانی خستەگەڕ بۆ پاراستنی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لەم پەتایە، هاتنی ئەم ڤایرۆسە بەشێوەیەکی لە ناکاو و چاوەڕوان نەکراو تا رادەیەک ئەرکی حکومەتی قورستر کرد.

لەم ڕاپۆرتەدا بە پشتبەستن بە داتا و زانیارییەکانی تۆڕی زانیاری نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم، ئەو تێبینی و سەرنجانە روون کراوەتەوە کە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە راپۆرتەکەیدا ئاماژەی پێداوە. هەروەها ئەم راپۆرتە تیشکی خستۆتە سەر چەند بابەتێکی گرنگ لەوانە (سەروەری یاسا، مافی ئافرەتان و منداڵان، کەمئەندامان، ڕەوشی گرتووخانەکان، ئازادی رادەربڕین و راگەیاندن، بوونی پاڵاوتگەی نایاسایی، رەوشی کرێکاران و کرێکاری بیانی، رەوشی تەندروستی، بازرگانی کردن بە ماددە هۆشبەرەکان، پەروەردە و فێرکردن).

لەلایەکی دیکەوە بەشێک لە چالاکی و هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان خراوەتە روو لە رێگەی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم، ئەم کار وچالاکییانەی حکومەت راستەوخۆ پەیوەندییان بە ناوەڕۆک و بابەتەکانی راپۆرتی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤەوە هەیە.

## یەکەم: سەروەری یاسا

لە بارەی سەروەری یاسا لە راپۆرتەکەی دەستەی سەربەخۆدا چەندین بابەت خراوەتە ڕوو لەوانە سنووردارکردنی مافی سیاسی و مەدەنی، بوونی چەکی بێ مۆڵەت، و چەند بابەتێکی تر.

**<u>وەزارەتی داد (لایەنی پەیوەندیدار):</u>** تا رادەیەکی زۆر یاساکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو رێککەوتننامانەدا گونجاون کە حکومەتی فیدراڵی لە چوارچێوەی رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان پەسەندی کردووە. هەر یاسایەك کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەردەچێت، بە هیچ جۆرێك لەگەڵ دەستووری فیدراڵی عێراقدا پێچەوانە نییە و نابێت، چونکە دەستووری بوونی یاساکانی هەرێمی کوردستان، مەرجی یەکەمی دەرکردنی هەر یاسایەکە. هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیدا لە دەرکردنی هەندێك یاسا یان پابەند نەبوون بە هەندێك یاسا، دەسەڵاتی خۆی بەکاردەهێنێت بەپێی ئەو بنەمایانەی کە لە دەستوور لە ساڵی ٢٠٠٥دا دیاریکراوە.

گرنگترین میکانیزم کە لە هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکرێت بۆ جێگیرکردنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لە دام و دەزگاکانی حکومەت لە بوارەکانی مافی مرۆڤ بریتییە لەوەی کە لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە پەرلەمانی کوردستان جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و یاسا و رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و منداڵ و ئافرەتانی کردۆتە بنەمایەکی دانپێدانراو و رێزلێگیراو بۆ داڕشتنی یاساکان.

ناوەڕۆکی ئەو جاڕنامە و ئەو یاسایانە لە رۆحی یاساکانی هەرێمی کوردستاندا رەنگی داوەتەوە و هەوڵدراوە بنەمایەکی یاسایی دابنرێت کە دژ یان پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤ و رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە پاراستنی کەرامەت و مافەکانی مرۆڤ نەبێت. بۆ ئەم مەبەستەش پاڵپشتی تەواوی دەسەڵاتی دادوەری دەکرێت لە هەرێمی کوردستان، ئەم دەسەڵاتە وەك زۆربەی سیستەمە دیموکراسییەکانی جیهان سەربەخۆیە و ئەرکی جێبەجێکردنی یاسایە.

**<u>گرنگترین ئەو یاسایانەی لە هەرێم پەیڕەو دەکرێن:</u>**

نەهێشتن و بەرەنگاربوونەوەی تاوان یەکێکە لە کار و ئەرکە سەرەکییەکانی دامودەزگا پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی هەرێم لەسەرەویان وەزارەتی داد. بۆ ئەم مەبەستەش چەند یاسایەکی تایبەت هەیە کە پەیڕەو دەکرێت:

- **یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو:** ئەم یاسایە کاری پێدەکرێت لە هەرێمی کوردستان و هیچ کەسێك بە تاوانکار هەژمار ناکرێت تا تاوانەکەی لەسەر ساغ نەبێتەوە یاخود (تۆمەتبار بێ تاوانە تاکو دەسەلمێندرێ). سەرەڕای ئەمەش، هەر کەسێك کە تاوانێکی ئاراستە دەکرێت و دادگایی دەکرێت لە کاتی دادگایی کردن دەبێت پارێزەری هەبێت. ئەگەر بۆ خۆی نەیتوانی پارێزەر دابین بکات ئەوا دادگا پارێزەرێکی بۆ دابین دەکات و مافە داراییەکانی ئەم پارێزەرەش دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت. ئەو بڕیارانەی کە لە دادگا دەردەچن دەکرێت لە دادگای پێداچوونەوە تانەیان لێبگیرێت و دووبارە بە بڕیارەکان دابچنەوە ئەمەش بەپێی ئەو بەڵگانە دەبێت کە لەبەر دەستی دادوەردان و ئەگەر بەڵگەکان گومان دروست بکەن، ئەوا لە بەرژەوەندی تۆمەتبارەکە ڕاڤە دەکرێت بۆیە ناکرێت بە وتەی تاوانبار رێکارە یاساییەکان بخرێنە ژێر پرسیارەوە، چونکە لە کاتی دادگایی کردن و بڕیاردان یاسا جێبەجێدەکرێت.

• **یاسای باری کەسی:** یاسای باری کەسی عێراقی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ لە هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکرێت لەسەر هەر کەسێك کە ڕەگەزنامەی عێراقی هەبێت و موسڵمان بێت، ئەم یاسایەش لەسەر بناغەی بنەماکانی ئیسلام مامەڵە لەگەڵ باری خێزانی دەکات وەك (هاوسەرگیری، میرات، لێکجیابوونەوە).

<u>**نەهێشتنی هەڵگرتنی چەکی بێ مۆڵەت:**</u>

حکومەتی هەرێم بابەتی نەهێشتنی چەکی بێ مۆڵەتی بەهەند دەگرێت بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٧/٢٨، ئەم بابەتە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران باس کرا و پڕۆژە یاسایەکی تایبەتی لەمبارەیەوە خرایەڕوو.

<u>وەزارەتی ناوخۆ (لایەنی پەیوەندیدار):</u> پرۆژە یاسایەکی نوێی بۆ چەك هەڵگرتن ئامادەکرد و بەرێگای یاسای ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستانی کرد و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و لەم پرۆژە نوێیە ڕێکارەکانی هەڵگرتنی چەك و پێوەرەکانی دیاریکراوە.

وەزارەتی ناوخۆ ڕێنمایی و ڕێوشوێنی تایبەتی هەیە بۆ رێگریکردن لە هەڵگرتنی چەکی بێ مۆڵەت، هەروەها هەنگاوی کرداری ناوە بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئەم دیاردەیە.

## <u>دووەم: ڕەوشی پەروەردە و خوێندن</u>

راپۆرتەکە تیشک دەخاتە سەر کەرتی پەروەردە و ئاماژە بە چەند بابەتێک دەدات لەوانە خوێندنی ئۆنلاین کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی کۆرۆناوە پەیڕەو کراوە بەڵام وەکو پێویست سەرکەوتوو نەبووە، هەروەها باس لە دابڕانی قوتابیان لە خوێندن کراوە.

<u>**وەزارەتی پەروەردە (لایەنی پەیوەندیدار):**</u>

پەتای کۆرۆنا کاریگەری زۆر هەبوو لەسەر پرۆسەی خوێندن دوای ئەوەی هەموو دام و دەزگاکانی حکومی بەگشتی و ناوەندەکانی خوێندن بە تایبەتی داخران لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ بۆ ئەوەی خەڵکی و منداڵەکان بە تایبەت سەلامەت بن لەم پەتایە.

پرۆسەی خوێندنی ئۆنلاین وەک پێویست پەیڕەو نەکرا بە هۆی چەند کێشەیەکەوە کە بریتین لە ئاستەنگی ئابووری بەردەم هەرێم وەک، کارەبا، ئەنتەرنێت، دابین کردنی کۆمپیوتەر و ئامێری زیرەک، ئەمەش وای کردووە کە پلانێکی تر بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی قوتابیان لە خوێندن دانەبڕێن.

بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی پەروەردە هەستاوە بە پەیڕەو کردنی قوتابخانەی ئەلیکترۆنی بە ناونیشانی (E-wane) کە هەموو بابەتەکانی بە شێوەی ڤیدیۆ تۆمارکراون و هەر قوتابی و مامۆستایەک و بەرێوەبەرێک کۆدی بەکارهێنەر و وشەی نهێنی تایبەتی خۆی پێدرا بۆ ئەوەی بچێتە نێو ئەم قوتابخانەیە (سیستەمە). هەر قوتابیەک بچێتە نێو سیستمەکە تەنها بابەتەکانی خوێندنی پۆلی خۆی دەبینێت لە هەمان کاتدا ئەم سیستەمە ٧/٢٤ کاژێر بەردەوام لەبەر

دەستی قوتابیان بووە و چەندین شێوازی تر بەکارهێنراوە وەک ڤایبەر و واتس ئاپ، جگە لەوەی وەزارەت هەستاوە بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ مایکرۆسۆفت تیم، هەروەها هەموو مامۆستایان دەتوانن بە تێکست و ڤیدیۆ و دەنگ چات لەگەڵ قوتابییانی خۆیان بکەن.

<u>خشتەی ڕێژەی بەشداربووانی قوتابیان لە قوتابخانەی ئەلیکترۆنی (E-wane)</u>

| پەروەردەی گشتی \| پەروەردەی قەزا \| قوتابخانە | ژمارەی قوتابیان | ڕێژەی بەشداری قوتابیان | ژمارەی بەشداری قوتابی |
|---|---|---|---|
| **ڕێژەی سەردانیکردنی قوتابی** | | | |
| ب.گ.پ.هەولێر | 579,090 | % 32.20 | 186,320 |
| ب.گ.پ.سلێمانی | 453,921 | % 40.10 | 182,013 |
| ب.گ.پ.دهۆك | 497,762 | % 40.40 | 201,212 |
| ب.گ.پ.گەرمیان | 77,783 | % 38.50 | 29,914 |
| ب.گ.پ.هەڵەبجە | 25,719 | % 48.10 | 12,373 |
| ب. گشتییەکانی سەر بە دیوانی وەزارەت | 8,657 | % 10.00 | 863 |
| کۆی گشتی | | | 612,695 |

<u>**چارەسەرکردنی وازهێنان و دابڕانی قوتابیان لە خوێندن:**</u>

بۆ کەمکردنەوەی وازهێنانی قوتابیان دوو جۆر ڕێکار ئەنجام دەدرێت کە ئەوانیش لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

**یەکەم/ ئەو ڕێکارانەی کە لەلایەن وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەنجام دەدرێن:**

١. دانانی ڕێنماییکاری پەروەردەیی لە قوتابخانەکان، وەزارەتی پەروەردە چەندین ساڵە ئەم کارەی ئەنجامداوە و ئێستا زیاتر لە (١٨٠٠) ڕێنماییکاری پەروەردەیی لە قوتابخانەکان هەیە کە بەردەوامن لەگەڵ قوتابیان بۆ گوێ گرتن لە کێشەکانیان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان.
٢. دادپەروەری لە نێوان قوتابیان.
٣. وەزارەتی پەروەردە لە ساڵی (١٩٩٨)ەوە لێدان و ئازاردانی جەستەیی قوتابیانی قەدەغە کردووە.
٤. پەیرەوکردنی خوێندنی تەوزیمی (التعليم الالزامي)، ئەم یاسایە لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە کارپێکراوە.
٥. ڕێگەدان بە قوتابیانی دابڕاو بۆ گەڕانەوە بۆ خوێندن بە ڕێگای دابینکردنی خوێندنی خێرا و قوتابیانی کچ تا تەمەنی ٢٤ ساڵ دەتوانن پەیوەندی بە قوتابخانەوە بکەن، قوتابیانی کور تا تەمەنی ٢٢ ساڵ و ئەگەر لەم تەمەنە زیاتر بێت ئەوا مافی هەیە پەیوەندی بە قوتابخانەکانی ئێواران بکەن.
٦. بایەخدانی زیاتر بە خوێندنی پیشەیی.

<u>خشتەی ژمارەی قوتابیان بەپێی ڕەگەز لە خوێندنی خێرا</u>

| ز | پەروەردەی گشتی | ئاستی یەکەم | | ئاستی دووەم | | ئاستی سێیەم | | ئاستی چوارەم | | ئاستی پێنجەم | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کوڕان | کچان | کوڕان | کچان | کوڕان | کچان | کوڕان | کچان | کوڕان | کچان | |
| 1 | ب.گ.پ.هەولێر | 15 | 24 | 33 | 77 | 77 | 53 | 647 | 144 | 689 | 230 | **1,989** |
| 2 | ب.گ.پ.سلێمانی | 51 | 44 | 120 | 88 | 253 | 70 | 329 | 88 | 167 | 144 | **1,354** |
| 3 | ب.گ.پ.دهۆك | | 14 | | 24 | 38 | 15 | 128 | 31 | 153 | 28 | **431** |
| 4 | ب.گ.پ.گەرمیان | 24 | 32 | 64 | 54 | 112 | 32 | 168 | 30 | 140 | 18 | **674** |
| 5 | ب.گ.پ.هەڵەبجە | 1 | | 3 | 3 | 2 | 4 | 22 | 1 | | | **36** |
| 6 | ب.خوێندنی کوردی کرکوك | 8 | 4 | 39 | 9 | 53 | 10 | 54 | 25 | | | **202** |
| | کۆی گشتی | **99** | **118** | **259** | **255** | **535** | **184** | **1,348** | **319** | **1,149** | **420** | **4,686** |

(جێگای سەرناوی خشتەکە: ژمارەی قوتابیان بەپێی پۆل و ڕەگەز)

ژمارەی قوتابیان لە خوێندنی ئێواران بریتییە لە (٤٦،٦٦٣) قوتابی.

**دووەم: ئەو ڕێکارانەی پێویستە کەسوکاری قوتابیان پەیڕەوی بکەن:**

١. یارمەتی دانی خێزانە هەژارەکان بۆ ئەوەی بتوانن تێچووی خوێندنی منداڵانیان دابین بکەن.
٢. بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لە نێوان خێزان و دیارخستنی بەهای خوێندن و فێربوون.
٣. هەوڵدان لەلایەن خێزان بۆ بەدەستهێنانی ژینگەیەکی گونجاو بۆ خوێندن و فێربوون لە ماڵەوە.
٤. هاوکاری کردنی خێزان لەگەڵ منداڵەکانیان بۆ زاڵبوونی بەسەر بابەتە قورسەکانی خوێندن.
٥. کاراکردنەوەی پەیوندی نێوان قوتابخانە و ماڵ.

سەبارەت بە زیادکردنی ژمارەی قوتابخانەکان یاخوود کەم کردنەوە و نەهێشتنی دوو دەوامی و ڕێکخستنی ژمارەی قوتابیان لە پۆلەکانی قوتابخانەکاندا، لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) لە هەرێمی کوردستان تەنها لە (٢٦٪)ی قوتابخانەکان دوو دەوامیان بەدرێژایی ڕۆژ تێدا دەکرا. لە کاتێکدا لە (١٪)ی بینای قوتابخانەکان سێ دەوام و لە (٧٣٪)ی قوتابخانەکانی تر یەک دەوامیان تێدا دەکرا. ئەم دیاریدەی دوو یاخوود سێ دەوامیە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی خواستی

هاوڵاتیان بۆ پەروەردە بەتایبەتی لە دوای ساڵی خوێندنی (٢٠٠٤-٢٠٠٥) کە ژمارەی قوتابیان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی بینای قوتابخانەکان کە لە سیستەمی پەروەردە زۆر بە لەسەرخۆیی زیادی دەکرد. بەڵام بەهۆی هەوڵی بەردەوامی حکومەتی هەرێم بۆ کەمکردنەوە ئەم دیاردەیە، ئەم ژمارەیە ڕووی لە کەمی کردووە.




یەک لەو فاکتەرانەی کە تێیدا قەرەبووی کەمی بینایی قوتابخانە کراوەتەوە لە هەرێمی کوردستان دروستکردنی بینای قوتابخانەی قوڕ و کابینە بووە. لە ساڵی ٢٠٠٧ نزیکەی (٢٩٨) بینای قوتابخانە لە قوڕ دروستکراوە بە زۆری لە گوندەکان بووە کە ئەمەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تەنگەتاوی کەمی بینای قوتابخانە بووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٠ دا، ژمارەی بینای قوتابخانەی قوڕ کەم بۆتەوە بۆ (٦٢) بینا.

لە ساڵی ٢٠٠٩ بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (٢٧٧) قوتابخانە لە کابینە درووستکرا لە تێکرای (٣،٨٦٤) بینای قوتابخانە، بۆ ئەوەی تا ڕادەیەک بتوانرێت چارەسەری کێشەی قوتابییە ئاوارەکان بکات. لە ساڵی ٢٠٢٠ ژمارەی بینای قوتابخانەی کابینە بووەتە (١٩٩) کە بەشێکی زۆریان بۆ ئاوارە و پەنابەری سووری لە هەرێمی کوردستان بەکارهێنران.

لە شوێنە دوورە دەستەکان لە هەموو هەرێمی کوردستان (٣،٠٠٩) قوتابخانە دابینکراوە. هیچ ئاستەنگێک لەبەردەم فێرخوازاندا نییە و هەموو پێداویستیەکان لەڕووی مامۆستا و بینا بۆیان دابین کراوە. هەروەها سەبارەت بە ئامێری فێنککەرەوە، هاوینی ساڵی پار زیاتر لە (٣،٠٠٠) ئامێری فێنککەرەوە بۆ قوتابخانەکان بەگشتی دابین کرا.

لە ڕوانگەی پەرەپێدان بە میوزیک و وەرزش، بەردەوام خولی ڕاهێنان دەکرێتەوە بۆ مامۆستایان لەم بابەتانە و لە هەمان کاتدا هەفتانە قوتابی دوو وانەی وەرزش ومیوزیک بۆ دیاریکراوە.

**<u>ژمارەی مامۆستایان:</u>**

سەبارەت بە کەمی ژمارەی مامۆستایان، لە هەرێمی کوردستان (٣٨) پەروەردە هەیە، و لە (٣٣) پەروەردە مامۆستای پێویستیان بەردەستە وەکو لە خشتەی خوارەوە دیاری کراوە:

## بە شێوەیەکی گشتی ژمارەی مامۆستایان بە پێی پەروەردە وبەشە وانە تەنها لە قۆناغی بنەرەتی

تێبینی : هەر مامۆستایەک 22 بەشەوانەی بۆ حساب کراوە، نەک 24 وهیچ لەو ژمارانە بەرێوەبەر وبارێدەدەری لەگەڵ نیە

| # | پ.گ | پەروەردە | هەمیشەیی | گرێبەست | وانەبێژ | کۆی گشتی | کۆی بەشە وانەی ئێستا | بەشە وانەی ستاندەر | جیاوازی بەشە وانە | جیاوازی مامۆستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سلێمانی | ب.پ.ڕۆژئاوا | 8,893 | 19 | 529 | 9,441 | 121,984 | 207,702 | 85,718 | 3,896 |
| 2 | سلێمانی | ب.پ.ڕۆژهەڵات | 4,906 | 6 | 619 | 5,531 | 72,746 | 121,682 | 48,936 | 2,224 |
| 3 | گەرمیان | ب.پ.کەلار | 3,663 | 0 | 654 | 4,317 | 50,147 | 94,974 | 44,827 | 2,038 |
| 4 | هەولێر | ب.پ.ناوەندی هەولێر | 8,472 | 4 | 482 | 8,958 | 152,405 | 197,076 | 44,671 | 2,031 |
| 5 | هەڵەبجە | ب.پ.هەڵەبجەی شەهید | 2,623 | 0 | 119 | 2,742 | 26,573 | 60,324 | 33,751 | 1,534 |
| 6 | دهۆک | ب.پ.ڕۆژئاوا | 3,459 | 1 | 153 | 3,613 | 48,350 | 79,486 | 31,136 | 1,415 |
| 7 | کەرکوک | ب.خوێندنی کوردی کرکوك | 3,417 | 22 | 82 | 3,521 | 47,147 | 77,462 | 30,315 | 1,378 |
| 8 | گەرمیان | ب.پ.خانەقین | 1,306 | 0 | 0 | 1,306 | 6,823 | 28,732 | 21,909 | 996 |
| 9 | دهۆک | ب.پ.ڕۆژهەلات | 2,987 | 0 | 471 | 3,458 | 56,593 | 76,076 | 19,483 | 886 |
| 10 | هەولێر | ب.پ.کۆیە | 1,891 | 0 | 534 | 2,425 | 35,500 | 53,350 | 17,850 | 811 |
| 11 | سلێمانی | ب.پ.ڕانیە | 2,453 | 0 | 532 | 2,985 | 48,939 | 65,670 | 16,731 | 761 |
| 12 | سلێمانی | ب.پ.پشدەر | 1,380 | 1 | 611 | 1,992 | 31,412 | 43,824 | 12,412 | 564 |
| 13 | هەولێر | ب.پ.دەشتی هەولێر | 3,728 | 151 | 288 | 4,167 | 80,731 | 91,674 | 10,943 | 497 |
| 14 | دهۆک | ب.پ.سمێل | 2,268 | 86 | 880 | 3,234 | 62,069 | 71,148 | 9,079 | 413 |
| 15 | سلێمانی | ب.پ.چەمچەماڵ | 1,657 | 4 | 658 | 2,319 | 42,095 | 51,018 | 8,923 | 406 |
| 16 | هەولێر | ب.پ.شەقڵاوە | 1,946 | 32 | 433 | 2,411 | 44,234 | 53,042 | 8,808 | 400 |
| 17 | سلێمانی | ب.پ.شارەزوور | 922 | 0 | 208 | 1,130 | 16,317 | 24,860 | 8,543 | 388 |
| 18 | دهۆک | ب.پ.ئامێدی | 1,551 | 0 | 476 | 2,027 | 36,143 | 44,594 | 8,451 | 384 |
| 19 | گەرمیان | ب.پ.کفری | 719 | 0 | 235 | 954 | 13,513 | 20,988 | 7,475 | 340 |
| 20 | سلێمانی | ب.پ.دەربەندیخان | 748 | 0 | 99 | 847 | 12,420 | 18,634 | 6,214 | 282 |
| 21 | هەولێر | ب.پ.دەوروبەر | 2,330 | 16 | 287 | 2,633 | 52,270 | 57,926 | 5,656 | 257 |
| 22 | هەولێر | ب.پ.سۆران | 1,325 | 0 | 739 | 2,064 | 39,799 | 45,408 | 5,609 | 255 |
| 23 | سلێمانی | ب.پ.شارباژێر | 310 | 0 | 399 | 709 | 10,038 | 15,598 | 5,560 | 253 |
| 24 | سلێمانی | ب.پ.سەیدسادق | 578 | 2 | 452 | 1,032 | 18,450 | 22,704 | 4,254 | 193 |
| 25 | سلێمانی | ب.پ.دوکان | 733 | 3 | 392 | 1,128 | 21,060 | 24,816 | 3,756 | 171 |
| 26 | هەولێر | ب.پ.ڕواندوز | 377 | 0 | 143 | 520 | 7,860 | 11,440 | 3,580 | 163 |
| 27 | هەولێر | ب.پ.خەبات | 738 | 145 | 791 | 1,674 | 33,551 | 36,828 | 3,277 | 149 |
| 28 | هەولێر | ب.پ.مەخموور | 678 | 0 | 133 | 811 | 14,565 | 17,842 | 3,277 | 149 |
| 29 | هەولێر | ب.پ.مێرگەسۆر | 496 | 1 | 578 | 1,075 | 21,296 | 23,650 | 2,354 | 107 |
| 30 | هەولێر | ب.پ.چۆمان | 317 | 0 | 242 | 559 | 10,606 | 12,298 | 1,692 | 77 |
| 31 | سلێمانی | ب.پ.پێنجوێن | 288 | 11 | 250 | 549 | 10,412 | 12,078 | 1,666 | 76 |
| 32 | سلێمانی | ب.پ.قەرەداغ | 116 | 0 | 131 | 247 | 4,318 | 5,434 | 1,116 | 51 |
| 33 | دهۆک | ب.پ.شنگال | 432 | 0 | 855 | 1,287 | 28,136 | 28,314 | 178 | 8 |
| 34 | دهۆک | ب.پ.تلکێف | 311 | 0 | 144 | 455 | 10,329 | 10,010 | -319 | -15 |
| 35 | دهۆک | ب.پ.شێخان | 654 | 1 | 838 | 1,493 | 33,387 | 32,846 | -541 | -25 |
| 36 | دهۆک | ب.پ.زاخۆ | 1,828 | 2 | 1,166 | 2,996 | 67,571 | 65,912 | -1,659 | -75 |
| 37 | دهۆک | ب.پ.ئاکرێ | 1,013 | 8 | 1,664 | 2,685 | 61,616 | 59,070 | -2,546 | -116 |
| 38 | دهۆک | ب.پ.بەردەرەش | 896 | 6 | 1,235 | 2,137 | 50,840 | 47,014 | -3,826 | -174 |
| | | کۆی گشتی | 72,409 | 521 | 18,502 | 91,432 | 1,502,245 | 2,011,504 | 509,259 | 23,148 |

خشتەی ڕێژەی مامۆستا بۆ قوتابی

| پێکهاتەی فەرمانگە | ژمارەی مامۆستا | ژمارەی قوتابی | ژمارەی قوتابی بۆ هەر مامۆستایەک |
|---|---|---|---|
| ب.گ.پ.هەولێر | 30111 | 556426 | 18 |
| ب.گ.پ.سلێمانی | 30704 | 447976 | 14 |
| ب.گ.پ.دهۆک | 21021 | 486557 | 23 |
| ب.گ.پ.گەرمیان | 7259 | 78104 | 10 |
| ب.گ.پ.هەڵەبجە | 3223 | 25043 | 7 |
| ب.خوێندنی کوردی کرکوک | 5025 | 85310 | 16 |

## گونجاندنی کەرتی پەروەردە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان:

هەڵسەنگاندنی دەرەکی قوتابخانەکان: بەمەبەستی باشترکردنی کوالێتی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی کارگێری و زانستی قوتابخانەکان، وەزارەتی پەروەردە لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) زیاتر گرنگی بە پرۆژەی هەڵسەنگاندنی دەرەکی دا لە ڕێگای سەردانی کردنی قوتابخانەکان، وەکو لەم شێوەیەی خوارەوە داهاتووە:

لە هەولێر (١٨) سەردان و (٦٩) سەرپێچی تۆمارکراوە.
لە سلێمانی (٣٧) سەردان و (٢٥٦) سەرپێچی تۆمارکراوە.
لە دهۆک (٤) سەردان و (٢٩) سەرپێچی تۆمارکراوە.
کە کۆی گشتی دەکاتە (٥٩) سەردان (٣٥٤) سەرپێچی تۆمارکراوە.

ئەم پرۆژەیە وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی (بریتیش کاونسڵ) جێبەجێی دەکات و گشتاندنی پێکراوە بۆ پەروەردەی پارێزگاکان. قوتابخانە حکومییەکان لەلایەن سەرپەرشتیاری هاوڕێی ڕەخنەگر هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت و قوتابخانە ناحکومییەکان لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت. ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە بریتییە لە ڕێکخستنی میلاك لەلایەن سەرپەرشتیاری پسپۆر بەهەماهەنگی لەگەڵ سەرپەرشتیاری هاوڕێی ڕەخنەگر، دانانی میکانیزمێکی کاریگەر بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی ئەزموونی نێوان قوتابخانەکان لەڕێگەی سەرپەرشتیارەوە، گرنگیدان بە باشترکردنی کواڵیتی پەروەردە و فێرکردن و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان لە نێوان دەستەی کارگێڕی قوتابخانە و سەرپەرشتیار، هەروەها دانانی کوالێتی پەرەپێدانی قوتابخانە بە مەبەستی ئامادەکردنی بەرنامەی کاری قوتابخانە.

لە هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاستی خزمەتگوزارییەکان جەخت لەسەر پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکانی خوێندن و گونجاندنیان لەگەڵ ستاندارده باوەکان کراوە، لەم سۆنگەیەوە وەزارەتی پەروەردە هەڵسەنگاندنێکی زانستی تێروتەسەلی ئەنجامداوە کە ئایا لە چ بوارێك پرۆگرامەکانی خوێندن پێویستی بە خوێندنەوە و پێداچوونەوە و گۆڕین هەیە.

گرنگترین ئەو بابەتانەی سەربارکران یان گۆڕانکاریان تێداکراوە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) (کوردی پۆلی ١٢، فەلسەفە و دەروونزانی پۆلی ١٠ و ١١ ی ئامادەیی، کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغی ١ تا ٩ ی بنەڕەتی)، لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢١ – ٢٠٢٢) ئامادە بووە بۆ خوێندن.

**<u>پرۆژەی نیشاندەری گەیاندنی خزمەتگوزاری (Service Delivery Indicators):</u>**

پرۆژەیەکی هاوبەشە کە لە نێوان وەزارەتی پەروەردە و ڕێکخراوی بانکی نێودەوڵەتی ئەنجام دەدرێت، مەبەست لەم پرۆژەیە هەڵسەنگاندنی ئاستی تێگەیشتنی قوتابیانە لە بابەتەکانی بیرکاری و زانستەکان و هەروەها زمان (چۆنیەتی خوێندنەوە و تێگەیشتن)، جگە لەمەش ئەم پرۆژەیە زانیاری لە ١٢ ڕێگەی ڕووپێو کۆدەکاتەوە کە ئامانج لەم زانیاریانە پێدانی زانیاری ڕاست و دروستە سەبارەت بە کێشە و بەربەستەکانی بەردەم فێربوونی قوتابیان و ژینگەی قوتابخانە و هەروەها لەمپەرەکانی بەردەم مامۆستایان لە گەیاندنی ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن و دواتر لەژێر ڕۆشنایی ئەم زانیارییانە دەتوانرێ بڕیاری ڕاست و دروست بدرێ بۆ چارەسەرکردنی کێشە و لەمپەر و ئاڵەنگارییەکانی بەردەم سێکتەری پەروەردە. پرۆژەکە هەشت مانگ دەخایەنێت و تیمی پسپۆری هەڵسەنگاندنی بانکی نێودەوڵەتی لەگەڵ چەند کەسانێکی پسپۆر لە بواری هەڵسەنگاندنی فێربوون لە قۆناغی بنەڕەتی لە وەزارەتی پەروەردە کار دەکات بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە.

<u>چاکسازی لە پرۆگرامەکان:</u> بەمەبەستی کارکردن لەسەر هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاستی خزمەتگوزارییەکاندا، وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی بانکی نێودەوڵەتی دەستی کردووە بە ئامادەکردنی پرۆپۆزەڵێك کە تێیدا پلانی کارکردنی لەسەر ئەنجامدانی چاکسازی و گۆڕانکاری لەسەر پرۆگرامەکانی خوێندن بە شێوەیەکی تێروتەسەل دیاریکردووە. لە ئێستادا وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ ڕێکخراوی ناوبراو لە هەنگاوی پەیداکردنی تەمویلن، و ئەم پرۆژەیە نزیکەی حەوت ساڵ دەخایەنێت و کارەکان هەنگاو بە هەنگاو بە گوێرەی ئەو پلانەی کە بۆی دیاریکراوە جێبەجێ دەکرێت.

هەروەها لە ئایندەیەکی نزیک دەست دەکرێت بە پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکان و ئەولەویەت بۆ بابەتە زانستیەکان و وانەی بیرکاری دەبێت.

## سێیەم: ڕەوشی تەندروستی

وەزارەتی تەندروستی لە حکومەتی هەرێم لە گشت نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکاندا هەوڵی داوە ڕەچاوی پاک و خاوێنی لە کەرتەکانی تەندروستی بکات بە باشترین شێوە، لەدوای هاتنی پەتای کۆرۆناش ڕێنماییەکانی توند و تۆڵتر کردووە بۆ سەلامەتی و پاراستنی گیانی هاووڵاتیان و نەخۆشەکان کاتێک سەردانی بنکە تەندروستییەکان دەکەن.

بەهۆی خراپی بارودۆخی دارایی و بڕینی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، کە کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر ڕەوشی خزمەتگوزاری لە گشت کەرتەکان و وایکردووە لە ئاستی پێویستدا نەبێت، دوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم پەتایە خرایە پێشینەی کارەکانی کەرتی تەندروستییەوە.

<u>وەزارەتی تەندروستی (لایەنی پەیوەندیدار):</u> چەند هۆکار هەیە کە وادەکات گرفتی تەندروستی هاووڵاتیان زیاد بکات و ناتەندروست بن و دیاریترین هۆکارەکان بریتیە لە خۆراک و ژینگە. هاوکات وەزارەتی تەندروستی لە ئامادەباشی دایە بە بەردەوامی و هەڵی داوە پلان و ستراتیژی خۆی هەبێت بۆ کەمکردنەوەی گرفتی تەندروستی هاووڵاتیان.

### <u>ڕێژەی زۆری سەردانی کردنی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکان:</u>

ڕۆژانە هاووڵاتیەکی زۆر سەردانی نەخۆشخانەکان دەکەن و چارەسەری پێویست وەردەگرن. هەروەها، دەرمان و پێداویستی پزیشکی بە ڕێژەیەکی باش دابین کراوە بۆ بنکە تەندروستیەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا، پلانی دابین کردنی ئامێری پشکنینی زیاتر و پێشکەوتووتر هەیە بۆ دیاریکردنی نەخۆشیەکان لە نەخۆشخانە و بنکە تەندروستیەکان بۆ ئەوەی بەشێوازێکی باشتر و خێراتر دەستنیشانی نەخۆشییەکان بکرێت و یارمەتیدەر بێت لە پرۆسەی چاکبوونەوەی نەخۆش و کەمکردنەوەی گرفتە تەندروستییەکانی هاووڵاتیان.

سەبارەت بە دوورودرێژی ماوەی نەشتەرگەری کە لە نەخۆشخانەکان بۆ نەخۆش دادەنرێت، بۆ کەمکردنەوەی ماوەی نەشتەرگەری نەخۆشخەکان لە نەخۆشخانەکان پێویستە ژمارەی ساڵەی نەشتەرگەری زیاد بکرێت و ئەمەش پێویستی بە ژوور و کەلوپەلی پزیشکی تایبەتی زۆر هەیە کە ئەمەش پێویستی بە بەشە بوودجەیەکی زۆری دەبێت. سەبارەت بە فرێدانی پاشماوەی دەرمان و دەرمانی بەسەرچوو، هەموو ئەو دەرمانانە بەپێی ستاندەر و پێوەرەکانەوە فڕێ دەدرێت.

### <u>ژمارە و ڕووبەری سەوزایی نەخۆشخانەکان:</u>

هەر نەخۆشخانەیەک مۆڵەتی پێدرابێت، ڕووبەری سەوزایی بۆ دیاریکراوە. سەبارەت بە بابەتی زیادکردنی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کۆمەڵگا لە گەشەکردنی بەردەوام دایە، لەم ڕووەوە پلان هەیە بۆ زیادکردنی, و نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی نوێ دەکرێتەوە. لەلایەکی ترەوە، هەر هاووڵاتییەک سکاڵا لەسەر لەهەر نەخۆشخانە و پزیشک و کارمەندێک تۆمار بکات، بەپێی پێویست بەدواداچوونی بۆ دەکرێت و بەهەند وەردەگیرێت.

ساڵی ٢٠٢٠ ساڵێکی تایبەت بوو و جیاواز بوو لەگەڵ هەموو ساڵەکانی تر کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆری پەیوەندیدار بوو بە بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا کە لە کتوپڕدا زۆر بە خێرایی بڵاوبۆوە، و چەندین ڕێکار گیرابەر بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی

تووشبوانی پەتاکە و دیارترین ڕێکار کە گیرا بەر بریتی بوو لە کەرەنتینە کە وەکو تاکە چارەسەری گونجاو دەبینرا و لە هەمان کاتیشدا وڵاتانی تریش ئەم ڕێگایەیان گرتەبەر. سەبارەت بە دانانی کەرەنتینە و داخستنی نۆرینگەکان کە بۆتە هۆکاری ئەوەی ئەو کەسانەی کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەبووە بەپێی پێویست چارەسەر وەرنەگرن، بەڵام ئەمەش نەبۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسانە چارەسەر وەرنەگرن، بەڵکو چارەسەریەکانیان لە ماڵەوە بۆ دابینکراوە.

هەر لە بەشێکی تری راپۆرتی دەستەی ناوبراو دا ئاماژە بەوەکراوە کە بەهۆی واستەوە هەندێک کەس لە نەخۆشخانە حکومیەکان وەرگیراون بۆ وەرگرتنی چارەسەر بۆ پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا، لێرەدا دەبێت خاڵێک روون بێت ئەویش ئەوەیە کە نەخۆشخانە حکومییەکان بەبێ جیاوازی خزمەتگوازاییە تەندروستییەکانی پێشکەش بە هەموو هاووڵاتیان کردووە و جیاوازی نەکراوە، و هەر لە سەرەتای بڵابوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە بەهەموو شێوەیەک هەوڵدراوە گیانی خەڵک پارێزراوبێت.

**<u>گرانی دەرمان و چارەسەر وەرگرتن لە نەخۆشخانە تایبەتیەکاندا:</u>**

پێشتر هیچ ڕێنمایی و یاسایەك نەبووە بۆ ڕێکخستنی کاری نەخۆشخانەکانی و کەرتی تایبەت سەبارەت بە دیاریکردنی نرخەکان، لە ئێستادا ئامادەکاری کراوە بۆ نووسینی ڕەشنووسێک سەبارەت بە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت و لەم بارەیەوە وەزارەتی تەندروستی پلانی هەیە، سەرەڕای بوونی ئاستەنگی دارایی و نەبوونی بودجەی پێویست و بەردەوامی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێم.

**<u>هەنگاوی ئەرینی کە لە سەرەتایی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم لە بواری تەندروستی نراوە:</u>**

بۆ رووبەڕوونەوەی کۆرۆنا زیاتر لە (٢٨) ملیار دینار خەرج کراوە، و هێڵی گەرمی (١٢٢) و ئامادەکردنی (٢٥٦) تیمی وەڵامدانەوەی خێرا و (٤٠) شوێن لە نەخۆشخانەکان بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کراون. لەگەڵ وەرگرتنی (٣،٤٠٠) بوتڵی پلازما بۆ تووشبوانی کۆرۆنا کە هەر بوتڵەی زیاتر لە (٤٠٠،٠٠٠) دیناری خەرجە. هەروەها سەبەتەی خۆراک لە کاتی بڵابوونەوەی پەتای کۆرۆنا بۆ (٢٠٠،٠٠٠) خێزانی کەمدەرامەت دابینکراوە.

هەروەک لە دەستکەوتەکانی تر بریتیە لە دانانی بەردی بناغەی نەخۆشخانەی (١٠٠) قەرەوێڵەیی ئامێدی بە بڕی (٤٣،٠٠٠،٠٠٠) ملیۆن دۆلار. هاوکات، بڕی (٦٣،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) ملیار دینار خەرجکراوە بۆ دابینکردنی ئامێر و دەرمان و پێویستیی نەخۆشانی شێرپەنجە. هەروەها، هەموارکردنی ڕێنمایی پێدان و نوێکردنەوەی کۆمپانیاکانی دەرمان و پێداویستیی پزیشکی و تاقیگەیی و ئامێری پزیشکی و چاودێری.

**<u>ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و دابینکردنی ژەمە ڤاکسینی کۆرۆنا:</u>**

حکومەتی هەرێم ژەمە ڤاکسینی (ڤایرۆسی کۆرۆنا)ی دابینکردووە و هەوڵیداوە بۆ هۆشیار کردنەوەی هاووڵاتیان و بڵاوکردنەوەی ڕێکارییەکانی خۆپارێزی و هاندانیان بۆ وەرگرتنی ڤاکسین. تاوەکو بەرواری ٢٠٢١/١٢/١ حکومەتی هەرێم زیاتر لە دوو ملیۆن و نیو پێکوتەی کۆرۆنا (ڤاکسینی ڤایرۆسی کۆرۆنا) بە هەموو جۆرەکانیەوە هێناوەتە هەرێم،

هەروەها (٣،٥٣٢،١٦٦) پشکنینی کۆرۆنا ئەنجامدراوە و لە ئەنجامدا (٣٧٥،٨٤٥) حاڵەتی توشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکراوە.

هاوکات (٦،٨٩٤) کەسیش دوای توشبوونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە و (٣٦٣،٤٠١) کەسیان دوای چارەسەری پزیشکی چاکبوونەتەوە و (٥،٥٥٠) کەسیش لەژێر وەرگرتنی چارەسەردا ماوون.

### ڕێگاگرتن لە هێنانی دەرمانی نایاسایی:

حکومەتی هەرێم هەنگاوی ناوە بۆ ڕێگریکردن لە هێنانی دەرمان بەشێوەی نایاسایی، چونکە ئەمە بابەتێکی ترسناکە و هەرەشەیە بۆ سەر گیانی هاووڵاتیان، لە سەرجەم دەروازە سنورییەکان، فرۆکەخانەکان، خاڵەکانی پشکنین نوێنەری وەزارەتی تەندروستی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ چاودێری دەکەن بۆ ڕێگریکردن لە هێنانی دەرمانی قاچاغ و دۆزینەوەی سەرچاوەکانی هێنانی دەرمان بە قاچاغ و بنبڕکردنیان.

### نەخۆشی شێرپەنجە:

بەپێی وەزارەتی تەندروستی چەند هۆکارێک هەنە کە وادەکات هاندەر بێت بۆ زیاد بوونی ئەم نەخۆشیە، هەندێک لە هۆکارەکان بریتین لە خۆراک و ژینگە. ئەو ڕێکارانە پێویستە بگیرێنە بەر بۆ کەمکردنەوەی نەخۆشیەکە بریتین لە پاکڕاگرتنی ژینگە لە هەموو ڕوویەکەوە و باشتر کردنی سیستەمی خۆراک و خۆراکی تەندروست بۆ دوور بوون لەم نەخۆشیە مەترسیدارە.

خزمەتگوزارییەکانی شێرپەنجە بەراورد بە هەموو نەخۆشییەکانی خەرجی زۆر زیاتری پێویستە، سەرەڕای ئەمەش وەزارەرتی تەندروستی نەخۆشخانەیەکی تایبەتی بۆ تووشبووانی شێرپەنجە ئامادە کردووە. هەروەها بەپێ وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان نزیکدەبێتەوە لە دابینکردنی (١٠٠٪)ی خزمەتگوزارییەکانی شێرپەنجە بە کەرتی حکومی و ئەهلییەوە و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پاڵپشتییەکی زۆری ئەم هەنگاوانە دەکات.

## چوارەم: پاراستنی ژینگە

### دەستەی پاراستن و چاککردنەوەی ژینگە (لایەنی پەیوەندیدار):

لە هەرێمی کوردستان ژمارەی ئۆتۆمبیل بە (١،٨٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن و هەشت سەد هەزار مەزەندە دەکرێت و ڕێژەکە لە زیادبوونیش دایە، و دووکەڵێکی زۆر دەردەچێت و دەبێتە هۆکاری پیس بوونی ژینگە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ڕێژەی پێویستی هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی وەکو پاس، شەمەندەفەر، میترۆ، و ترام. هاوکات، چارەسەر بۆ ئەم کێشەیە بریتییە لە دابینکردنی سیستەمێکی گواستنەوەی گشتی گونجاو بۆ کەمکردنەوەی پیس بوونی هەوا. لەم دواییەدا حکومەتی هەرێم پلانێکی داناوە بۆ دروستکردنی هێڵی (شەمەندەفەر) لە نێوان شارەکان وەک هەنگاوێکی سەرەتایی کە کاریگەری دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل.

هۆکارێکی دیکەی پیس بوونی ژینگە دەگەڕێتەوە بۆ موەلیدەی تایبەتی کارەبا کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر لە دووکەڵی پیس دەردەدەن. بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی دەردانی دووکەڵی پیس، حکومەتی هەرێم پلانی هەیە بۆ دروستکردنی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ڕێگەی ووزەی خۆرەوە کە بە دۆستی ژینگە دەناسرێت. لە ئێستادا وەزارەتی کارەبا پلانی هەیە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە ڕێگەی ووزەی خۆر بە بڕی ٢٥ مێگاوات لە هەر یەک لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک. هەروەها هەوڵ دەدرێت بۆ دابینکردنی کارەبایەک کە سەرچاوەکەی دۆستی ژینگە بێت وەک وێستگەی کارۆئاوی دووکان و لە ئێستادا خەریکی دروستکردنی وێستگەی کاروئاوی دێرەلووکن کە ئەمەش هەنگاوێکە بۆ کەمکردنەوەی ئەو سەرچاوانەی کە کارەبا بە شێوەیەک بەرهەم دەهێنن کە کاریگەی نەرێنی لەسەر ژینگە هەیە وەکو وێستگەکانی بەرهەم هێنانی کارەبا لە ڕێگەی غاز (LPG) یاخوود گازەوە (Diesel).

لە ئێستادا زۆربەی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا غاز (LPG) بەکاردەهێنرێت کە ئەمەش کاریگەری کەمتری لەسەر ژینگە هەیە بە بەراورد بە بەکارهێنانی سووتەمەنیەکانی تر وەکو گاز (Diesel).

سەرەڕای هەموو ئەمانەش بیر لە کەمکردنەوەی بەهەدەرچوونی کارەبا کراوەتەوە، دەست بەجێبەجێ کردنی پڕۆژەی دانانی پێوەری زیرەکی کارەبا کراوە، کە ئەمەش بە هەنگاوێکی زۆر گرنگ دادەنرێت و دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێژەی بەفیڕۆدانی کارەبا و دیاردەی سەرپێچیکردنی کارەبا کەمبێتەوە و بەرەو نەمان بڕوات، هەروەها وادەکات کەمتر پشت ببەسترێت بە کارەبای موەلیدە ئەهلیەکان و پێدانی کارەبای نیشتمانی زیاد دەکات.

سەبارەت بە سزادانی ئەو پرۆژانەی کە پابەندنین بە ڕێنماییەکانی ژینگە، تیمەکانی پشکنین لە فەرمانگەی ژینگەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان (هەولێر-سلێمانی-دهۆک-گەرمیان-ڕاپەڕین) و ئێستاش فەرمانگەی ژینگەی هەڵەبجەش کراوەتەوە، پشکنینی پڕۆژەکان دەکەن بۆ زانینی رادەی پابەندبوونی خاوەن پڕۆژەکان بە ڕێنمانییە ژینگەییەکان. ئەگەر سەرپێچی هەبوو ئەوا ئاگادارکردنەوەی پێ دەدرێت بۆ ئەوەی پابەندی ڕێنماییەکان بێت و سەرپێچییەکان لابەریت و ڕێنماییەکان جێبەجێ بکات لە ماوەی ١٠ رۆژدا، ئەگەر سەرپێچییەکان لانەبرا بوون و ڕێنماییەکان جێبەجێ نەکرابوون ئەوا پڕۆژەکە بەپێی ڕێژەی پیسکردن سزای پێبژاردنی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، ئەگەر سزاکەشی نەدا لە ڕێگەی دادگاوە سکاڵای لەسەر تۆمار دەکرێت.

**<u>ڕێژەی سەوزایی پڕۆژەکان:</u>**

ڕێکارەکانی سزادانی ئەو پڕۆژانەی کە ڕێژەی سەوزاییان وەک پێویست نییە، ئەو پڕۆژانەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەینێرن بۆ وەرگرتنی رەزامەندی ژینگەیی یەکێک لە مەرجەکانی ژینگە بریتییە لە دابینکردنی ڕێژەی سەوزاریی بە پۆلێنی پڕۆژەکان کە دەبێت لە (٢٥٪) کەمتر نەبێت لە رووبەری تەرخانکراو بۆ پڕۆژەکە، بۆ ئەوانەی کە لە پۆلینی (أ و ب) دان. ئەو پڕۆژانەی لە پۆلێنی (ج) دان پێویستە (١٠٪) رووبەرەکەی بکات بە سەوزایی. ئەو پڕۆژانەی کە پابەند نابن بە دابین کردنی ڕێژەی سەوزایی تەواو دوای ئاگادارکردنەوەیان، سزای پێ بژاردنیان بەسەردا دەسەپێنرێت.

سەبارەت بە ڕێکارەکانی بەکارهێنانی مادده کیمیاییەکان کە کاریگەریان هەیە لەسەر ژینگە بەتایبەت ئەوانەی لە بواری کشتوکاڵ بەکاردێت، دەستەی پاراستن و چاکردنی ژینگە هەماهەنگیان هەیە لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و

سەرچاوەکانی ئاو بۆ ڕێنوێنی کردنی جوتیارەکان و باخ دارەکان بۆ بەکارهێنانی مادده کیمیاییە قڕکەرەکان و پەینی کیمیایی بەو ڕێژەی کە پێویستە بەکاربهێنرێت و نابێت زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی ماددەکان بکرێت کە هۆکارن بۆ پیس بوونی خاک.

**<u>دوورخستنەوەی کارگەکان:</u>**

بۆ دورخستنەوەی کارگەکانی نزیک شار و شارۆچکەکان، ئەو کارگانەی کە کەوتوونەتە نزیک شارەکان هەوڵی زۆر دراوە بۆ لابردنیان و دورخستنەوەیان لە شارەکان، ئەم هەوڵە لە کارگەکانی کەرپووچ جێبەجێ کراوە، و کەسارەکانی نزیک شاری هەولێر جێبەجێ دەکرێت و ئێستا خەریکی گواستنەوەیانن بۆ شوێنیکی گونجاو.

دەستەی پاراستن و چاککردنەوەی ژینگە لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان هەماهەنگییان هەیە لەسەر دەستنیشانکردنی شار و ناوچە پیشەسازییەکان لە دەرەوەی شارەکان بەپێی ڕێنمایی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٣ کە تێیدا دووری پڕۆژەکان لە شوێنی نیشتەجێ بوون و شەقامی گشتی دیاریکراوە.

**<u>داخستنی پاڵاوگە نایاساییەکان:</u>**

پاڵاوگە نایاساییەکان ئەوانەن کە لە دەرەوەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان کار دەکەن و مۆڵەتی فەرمی کارکردنییان نییە، دەبنە هۆی دەردانی چەندین گازی زیانبەخش کە زیانێکی زۆر بە تەندروستی مرۆڤ دەگەیێنن.

لە مانگی نیسانی ساڵی (٢٠٢١) دا، وەزارەتی ناوخۆ لیژنەیەکی باڵای بۆ داخستنی (١٦٩) پاڵاوگەی نایاسایی پێکهێنا و هێزێك لە پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر و دهۆک درووستکراوە بۆ هەڵگرتنی ئەو پاڵاوگانە و شارەوانیش سێ پارچە زەوی بۆ دابینکراوە، بۆ کۆکردنەوەی کەلوپەلەکان.

پێشتر (٢١٤) پاڵاوگەی نایاسایی لە هەرێمی کوردستان هەبوون، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٨) بەشێکی زۆریان داخران، لە ئێستادا ژمارەی پاڵاوگە نایاساییەکان لە هەرێمی کوردستان نزیکەی (١٨٠) پاڵاوگە دەبێت کە بەم شێوەیە دابەشبوون:

(٧٥) لە سنووری پارێزگای هەولێر، (٣٢) لە سنووری پارێزگای دهۆک، (٢٦) لە سنووری پارێزگای سلێمانین.

لەسەر راسپاردەی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەولێر، لە (١)ی ئابی ساڵی (٢٠٢١)کەوە دەستکراوە بە داخستنی پاڵاوگە نایاساییەکان و لەوکاتەوە زیاتر لە (٢٣) پاڵاوگە داخراوە.

**<u>سووتانی دارستانەکان:</u>**

هەرێمی کوردستان خاوەنی ژینگەیەکە کە پێکهاتووە لە ڕووبەری گەورەی دارستانی سروشتی و دەستکرد ئەمەش هۆکارێکە بۆ دابینکردنی هەوای پاک و کەمکردنەوەی ڕێژەی هەوای پیس، بەڵام بەداخەوە کە زۆر ڕووداو ڕوویانداوە کە زیانی گەیاندووە بەم شوێنانە. هەندێک هۆکار دەگەرێتەوە بۆ ئەو بۆردومانانەی وڵاتانی دراوسێ لەسەر سنوور کە بۆتە

هۆی سووتانی ڕێژەیەکی زۆری دارستانەکان، هەروەها بڕینەوەی هەندێک لە دارەکانی دارستان زیانێکی زۆری بە سروشتی دارستان و ژینگە گەیاندووە. ئەم ڕووداوانە زیانی بە ژیانی ئاژەڵەکانیش گەیاندووە.

## پێنجەم: ڕەوشی ئافرەتان

**وەزارەتی ناوخۆ (لایەنی پەیوەندیدار): بەرێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی:**

لە هەرێمی کوردستاندا ئافرەتان جێگە و پێگەیەکی تایبەتیان هەیە و چەندین یاسای تایبەت بە مافەکانی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان دەرچووە و کاریان پێدەکرێت. ئافرەتان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دەرکردنی بڕیارەکان، لە میلاکی وەزارەتەکان و ڕێکخراوە مەدەنیەکان بەشداری کارایان پێکراوە، چەندین پۆستی گرنگی وەکو سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و هەندێک وەزارەت و دامودەزگای حکومیان پێدراوە، بەردەوام کارکراوە بۆ ئەوەی ڕێژەی ڕەگەزی مێینە لە کەرتی کارکردندا زیاد بکرێت.

تۆمارکردنی ئامارەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان، بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە ئێستا هاوڵاتیان زیاتر بۆ مەبەستی چارەسەری گرفتە کۆمەڵایەتیەکانیان سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی دەکەن و متمانەیان بەم بەڕێوەبەرایەتیانە زیادی کردووە وەک ڕێگاچارەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

ئامارەکان لە ساڵی (٢٠١٨ تاکو ٢٠٢١/٧/٣١) بە شێوەیە:

| ساڵ | ژمارەی کەیس |
|---|---|
| ٢٠١٨ | ١١٤ |
| ٢٠١٩ | ٨٩ |
| ٢٠٢٠ | ١٦٠ |
| ٢٠٢١ | ٩٢ تا بەرواری ٢٠٢١/٧/٣١ |
| کۆی گشتی | ٤٢٥ |

بەرێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی بە هاوکاری (UN) و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ باشتر راپەراندنی کارەکان و زیاتر بە هانا چوونی کێشەکان لە نێو کەمپەکان ئاوارە و پەنابەران (٢٣) تیم مۆبایلیان پێکهێناوە لەو شار وشارۆچکانەی کە ئاوارە و پەناهەندەی تێدایە، ساڵانە نزیکەی لە (١٥٠٠) کەیس تۆمار دەکرێت هەندێك لەو کەیسانە چارەسەر دەکرێت و هەندێکیان دەنێردرێتە دادگا بۆ ئەنجامدانی ڕێکارە یاساییەکان.

لە ڕێگەی تیم مۆبایلەکانەوە ساڵانە چەندین سیمینار و وۆرکشۆپ و خول ئەنجام دەدرێت لە نێو کەمپەکان بۆ وشیارکردنەوە کە ساڵانە هەزاران کەس لێی سوودمەند دەبن، بابەتەکانی سیمینارەکانیش جۆراوجۆرن وەک یاساکانی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان ، یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان، سەرهەڵدان و قۆناغەکانی توندوتیژی خێزانی، ڕێنمایی دەروونی کێشەی خێزان و کاریگەری لەسەر خێزان و منداڵ، لەگەڵ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری یاسایی و دەروونی.

لەلایەکی دیکەوە ساڵانە زیاتر (١٠٠) خول سیمینار و وۆرکشۆپ بۆ ئەفسەر و کارمەندانی تیم مۆبایلەکان ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە خزمەت و هاوکاری بگەیەننە قوربانیەکان و کێشەکانیان چارەسەر بکەن.

**<u>ئەنجوومەنی باڵای خانمان (لایەنی پەیوەندیدار):</u>**

بە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەر بۆ هەرێمی کوردستان، کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتیش ڕوو لە زیادبووندان وەک توندوتیژی خێزانی دژ بە ئافرەت، منداڵان، سواڵکردنی ئافرەتان و منداڵان و چەندین گرفتی دیکەی کۆمەڵایەتی. دامودەزگا تایبەتەکان بە پرسی ئافرەتان لە سەرەتای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم: چەندین ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی تایبەت بە ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان هەن و هەمووان بەپێی توانا کاردەکەن لەپێناو پاراستنی مافی ئافرەتان.

<u>دەزگا و دامەزراوە تایبەتییەکان کە کار بۆ پاراستنی مافی ئافرەت دەکەن:</u>

- بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی.
- بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان.
- دەزگای یەکسانی (لە کابینەی چوارەم دامەزرا سەر بە دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بوو).
- نووسینگەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان و ئافرەتان.
- ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە (٦) بەڕێوبەرایەتی و (٢٨) نوسینگە و چەندین هۆبە پێکهاتووە، ساڵانە ژمارەیەکی زۆر سکاڵا تۆمار دەکەن.

**<u>یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان:</u>**

- یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١) لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو بەکار لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- یاسای شێوازەکانی دادگایی کردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١) هەموارکراو.
- یاسای باری کەسێتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩) هەموارکراو.

- یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٠٨) یاسای جێبەجێکردنی هەموارکردنی یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨) ی ساڵی (١٩٥٩) هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- یاسایی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨) لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

**دامەزراندنی سەنتەری راوێژکاری خێزانی لە دهۆك:**

بەرێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ دهۆك سەنتەری راوێژکاری خێزانی دامەزراندووە کە لە کەسانی پسپۆری یاسایی و دەروونی پێکهاتووە بەردەوام لەخزمەت کردنی کەیسەکانی ژنانی ئێزیدی دایە، لایەنی دەروونییان لەلایەن پسپۆرانی دەروونناس و کۆمەڵناس ئارام کراوەتەوە، هەروەها سیمینار، وۆرکشۆپ و خولی تایبەتی کراوەتەوە بۆ بە هاناوە هاتنیان و چۆنیەتی گەڕانەوە بۆ ناو کۆمەڵگا.

**بە زۆر بەشوودانی کچان:**

دیاردەی هاوسەرگیری پێشوەختە، فرەژنی، زیاتر لە نێوان ئاوارە و پەنابەران بەدی دەکرێت و دەگەرێتەوە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١- خراپی دۆخی ئابووری لە نێو کەمپەکاندا.
٢- داب و نەریتی کۆمەلایەتی ئاوارە و پەنابەرەکان، چونکە خۆیان و بە کارێکی ئاسایی دەزانن و بیر لە لێکەوتە خراپەکانی ناکەنەوە.
٣- ئەگەرچی لەڕووی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان رێگا بەم جۆرە دیاردانە نادرێت و رووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسایی دەبنەوە، بەڵام بۆ جێبەجێکردنی مەرامی خۆیان لە رووی یاساییەوە ڕوو لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ ئەوەی کارە یاساییەکانیان رایی بکەن.
٤- ئەو پێشکەوتنە خێرایەی بواری تەکنەلۆجیا و پەرەسەندنی خێرای تۆرە کۆمەلایەتییەکان و نەبوونی وشیاری تاک لە بەکارهێنانی بەباشی، بۆتە هۆی زیادکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ چارەسەرکردنی بەشێک لەو کێشانە پەنا دەبەنە بەر هاوسەرگیری پێشوەختە.
٥- زۆر کات زۆری ژمارەی ئەندامانی خێزان و نەبوونی شوێنی گونجاو بۆ مانەوە پەلە دەکرێ لە ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری و کەمکردنەوەی ئەندامانی خێزان.

لە برگەی (٣)ی ماددەی یەکەمی یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان باس لە بە زۆر بە شوودانی کچان کراوە وەک یەکێک لە تاوانەکانی خێزانی بەم شێوەیەیە " العنف الاسري: هەر کردارێک یان وتەیەک یان هەرەشەیان پێ لێبکرێت لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پەیوەندی خێزانیدا کە لەسەر بنەمای هاوسەرگیر یان خزمایەتی تا پلەی چوارەم بنیات نرابێ و ئەوانەی بەپێی یاسا هاتوونەتە ناو خێزانەوە ئەوەی لە باری جەستەیی و جنسی و دەروونییەوە زیانیان پێ بگەیەنێت و ماف و ئازادییان لە دەست بدات.

**ئەنجومەنی باڵای خانمان (لایەنی پەیوەندیدار):**

هەر کەسێک شازدە ساڵی تەمەنی تەواو کرد و داوای هاوسەرگیری کرد، دادوەر بۆی هەیە رێگای پێبدات بەتایبەتی ئەگەر دەرکەوت شایستەیی و توانای جەستەی هەیە. ئەمەش دوای رەزامەندی سەرپەرشتیار (وەلی) شەرعی دەبێت و ئەگەر سەرپەرشتیار رێگربوو، ئەوا دادوەر داوای لێدەکات لە ماوەیەکی دیاریکراودا رازی بێت، ئەگەر رەخنەی نەگرت یاخود رەخنەکەی شیاوی ئەوە نەبوو گوێی پێ بدرێت ئەوا دادوەر رێگا بەو هاوسەرگیرییە دەدات. هەروەها ئەگەر دایک بەخێوی کردبێت و لە لای بێت و باوک مردبیت یان دیار نەبێت، ئەوا  دایک بە سەرپەرشتیار (وەلی امر) دادەنرێت.

**بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ئافرەتان (لایەنی پەیوەندیدار):**

سالانە چەندین سیمینار پێشکەش دەکرێت لەسەر باوک سالاری و لەسەر بنەمای جیندەری بەم شێوەیە:

- بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە رێگای میدیاوە (نوسراو و بینراو).
- بڵاوکردنەوەی پرۆشۆر.
- روونکردنەوەی یاسایی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ژمارە (٨ی ساڵی ٢٠١١).
- لە داهاتووشدا بەردەوامی دەدرێ بە سیمینار و چالاکی جۆراوجۆر بۆ ئەم بابەتە.

سەبارەت بە کەمکردنەوەی هەڕەشە و توندوتیژییەکان نێو کەمپەکان، لەڕێگای تیم موبایلەکانەوە بەردەوام کار لەسەر کەمکردنەوەی هەڕەشە و توندوتیژی لە ناو کەمپەکان کراوە بە ئەنجامدانی سیمینار و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە رێگای پرۆشۆر و نامیلکە، و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئاوارە و پەنابەران لە کەمپەکان لە بارەی یاساکان و لێکەوت و زیانەکانی توندوتیژی خێزانی و رێکارەکانی بەرەنگار بونەوەی توندوتیژی و رۆڵی تاک لەکۆمەلگا.

**بەشداری ئافرەتان  لە بوارە جیاوازەکان وەکو رێکخراوەکان و وەزارەتەکان:**

یەکێک لە هۆکارەکانی بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان دەگەڕێنرێندرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئافرەت تاڕادەیەک لەلایەنی دارایی ناتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت، بەڵام حکومەتی هەرێم هەنگاوی ناوە بۆ ئەوەی ئافرەتان رۆڵێکی گرنگیان هەبێت لەسەر میلاکی وەزارەتەکان و رێکخراوە مەدەنیەکاندا، ئافرەتان بەشداری کارایان هەیە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان. بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە چوارچێوەی بڕیاری (١٣٢٥)ی ئەنجومەنی ئاسایش چەندین کاری کردووە تا رێژەی رەگەزی مێینە لە  کەرتی کارکردندا زیاد بکات و بەشداری پێ بکات لە کار و بڕیارە گرنگەکاندا.

**یەکەی جێندەری:**

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی ماوەی دوو ساڵە یەکەی جێندەری کردۆتەوە بە مەبەستی بەدواداچون بۆ یەکسانی جێندەری لە تەواوی دامودەزگاکانی وەزارەتدا لە ڕووی دادپەروەری لە دانانی پۆست و پلەکان بە پێی یەکسانی جێندەری و رەچاوکردنی یاسا و رێنماییەکان لە کاتی دامەزراندن. لەلایەکی دیکە هەر فەرمانبەرێکی ئافرەت ڕووبەڕووی

توندوتیژی ببێتەوە، ئەوا ئەو یەکەیە بەدواداچوونی بۆ دەکات. هەروەها خولی وشیاری و وۆرکشۆپ دەکاتەوە بۆ فەرمانبەران و توێژەران و مامۆستایان. سەبارەت بە یاسای پارێزگاری لە کرێکاری ئافرەتانی ناوخۆ و بیانی، وەزارەتی ناوبراو پێداچونەوەی بۆ یاسای کار و خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەلایەتی کردووە و بە پێی توانا رێنماییەکان لە بەرژەوەندی کرێکاری ئافرەت دابرێژرێت.

هەوڵدراوە ئەفسەرانی ئافرەت لەسەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکان گرنگی زیاتریان پێ بدرێت لە بەش و هۆبەکان بەجۆرێک رێژەی ئافرەتان لە میلاکی شارستانی (٥٥٪) و لەمیلاکی سەربازی (٢٨٪) دەبێت.

<u>**خشتەی میلاکی ڕەگەزی مێ لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم بە ژمارە**</u>

| ز | بەڕێوەبەرایەتییەکان | ئەفسەر | کارمەند | فەرمانبەری مەدەنی | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بارەگای گشتی پۆلیس | 1 | 13 | 1 | 15 |
| 2 | ب. لێکۆڵینەوە تاوان | 2 | 7 | 5 | 14 |
| 3 | ب. پۆلیسی دارستان و ژینگە | 0 | 18 | 0 | 18 |
| 4 | ب. پۆلیسی کارەبا | 0 | 42 | 0 | 42 |
| 5 | ب. پۆلیسی هەولێر | 11 | 188 | 0 | 199 |
| 6 | ب. پۆلیسی سلێمانی | 7 | 331 | 0 | 338 |
| 7 | ب. پۆلیسی دهۆک | 11 | 121 | 0 | 132 |
| 8 | ب. پۆلیسی هەڵەبجە | 0 | 7 | 0 | 7 |
| 9 | ب. پۆلیسی گەرمیان | 0 | 26 | 0 | 26 |
| 10 | ب. پۆلیسی سۆران | 6 | 24 | 0 | 30 |
| 11 | ب. پۆلیسی راپەرین | 0 | 12 | 0 | 12 |
| 12 | ب. بەرگری شارستانی هەولێر | 2 | 14 | 2 | 18 |
| 13 | ب.بەرگری شارستانی سلێمانی | 1 | 12 | 5 | 18 |
| 14 | ب. بەرگری شارستانی دهۆک | 3 | 5 | 0 | 8 |
| 15 | ب. بەرگری شارستانی هەڵەبجە | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 16 | ب. بەرگری شارستانی گەرمیان | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 17 | ب. بەرگری شارستانی سۆران | 0 | 3 | 0 | 3 |
| 18 | ب. بەرگری شارستانی راپەرین | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 19 | ب. پۆلیسی مەشق و شیاندن | 0 | 2 | 0 | 2 |
|  | کۆی گشتی | 44 | 825 | 13 | 882 |

## میلاکی دیوان و گشت فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بەپێی رەگەز

| ز | ناوی فەرمانگە | نێر | مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دیوانی وەزارەت | 142 | 61 | 203 |
| 2 | پارێزگای هەولێر/کارگێڕی گشتی | 467 | 222 | 689 |
| 3 | پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێەتی | 257 | 140 | 397 |
| 4 | پارێزگای دهۆک/کارگێڕی گشتی | 481 | 171 | 651 |
| 5 | پارێزگای دهۆک/ کارگێڕی خۆجێەتی | 222 | 97 | 319 |
| 6 | کاروبار ی ناوخۆی دهۆک | 8 | 6 | 14 |
| 7 | پارێزگای سلێمانی/کارگێڕی گشتی | 626 | 424 | 1050 |
| 8 | پارێزگای سلێمانی/کاروباری هونەری | 151 | 256 | 407 |
| 9 | ئیدارەی گەرمیان /کارگێڕی گشتی | 137 | 105 | 242 |
| 10 | ئیدارەی گەرمیان /کاروباری هونەری | 50 | 20 | 70 |
| 11 | ئیدارەی راپەرین/کارگێڕی گشتی | 117 | 72 | 190 |
| 12 | ئیدارەی راپەرین /کاروباری هونەری | 38 | 10 | 48 |
| 13 | ب. گشتی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان | 88 | 106 | 194 |
| 14 | ب. گشتی ناوخۆ | 17 | 15 | 32 |
| 15 | ب. گشتی پۆلیس | 24 | 13 | 37 |
| 16 | ب. گشتی هاتوچۆ | 53 | 38 | 91 |
| 17 | ب. گشتی رەگەزنامە | 551 | 347 | 898 |
| 18 | نووسینگەی کۆچ و کۆچبەران | 121 | 79 | 200 |
| 19 | دەستەی پشکنینی کارگێڕی | 14 | 7 | 21 |

لەم دوو خشتەیەی خوارە ئاماژە بە ئامارەکانی سکاڵا و توندوتیژی خێزانی دەکات وەک روونکراوەتەوە لە خوارەوە:

## ئاماری سکاڵاکان لە سالانی (٢٠١٩،٢٠٢٠)

| بەڕێوەبەرایەتییەکان | ٢٠١٩ | ٢٠٢٠ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| هەولێر | ٤٤٩٤ | ٤٣٩٢ | ٨،٨٨٦ |
| دهۆك | ٢٤٤٩ | ٢٢١٧ | ٤،٦٦٦ |
| سلێمانی | ٣١٢٧ | ٢٢٩٠ | ٥،٤١٧ |
| گەرمیان | ٩٨٩ | ٨٩٨ | ٢،٨٩٩ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| راپەرین | ٥٧٩ | ٣٤٢ | ٩٢١ |
| سۆران | ٢٦٩ | ٢٣١ | ٥٠٠ |
| کۆی گشتی | ١١٩٠٧ | ١٠٣٧٠ | ٢٢،٢٧٧ |

**ئاماری حاڵەتی توندوتیژی خێزانی لە ساڵانی (٢٠١٩،٢٠٢٠)**

| بەڕێوەبەرایەتییەکان | ٢٠١٩ | ٢٠٢٠ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| هەولێر | ٥٤ | ٥٢ | ١٠٦ |
| دهۆك | ٢٧ | ٢٦ | ٥٣ |
| سلێمانی | ٤٩ | ٧ | ٥٦ |
| گەرمیان | ٩ | ١٢ | ٢١ |
| راپەرین | ١٥ | ٢٠ | ٣٥ |
| سۆران | ١ | ٨ | ٩ |
| کۆی گشتی | ١٥٥ | ١٢٥ | ٢٨٠ |

**ئافرەت لە کایە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا:**

ئێستا لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە (١٥٠٠) ئافرەت ئەندامی کارا و بەشداری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانن، هەروەها (١٣) ئافرەت خاوەن ئیمتیاز و (١٧) سەرنووسەرن و دوو بەرپرسی لقی دهۆك و خانەقینی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئافرەتن، هەروەها لیژنەیەك لە ئەنجومەنی سەندیکا دامەزراوە بۆ داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتانی رۆژنامەنووس. سەبارەت بە کەرتی پۆلیسیش، لە میلاکی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پۆلیسی هەرێم (٨٨٢) ئافرەت هەیە لە ئەفسەر، کارمەند، و فەرمانبەر، هەروەها تەنیا لە میلاکی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ و فەرمانگەکانی (٢٥٢٢) ئافرەت هەیە، وێڕای هەزارانی دیکە لە ریزەکانی پێشمەرگە بە پلەی جۆراوجۆر.

**ئافرەت لە بواری پەروەردە:**

لەو بوارەدا حکومەتی هەرێم چەندین هەنگاوی ناوە بۆ رێگاگرتن لە دوورکەوتنەوەی ئافرەتان لە خوێندن، لەوانە: نەهێشتنی نەخوێندەواری کە (٥٥،٤٪) ئافرەتان سوودیان لێی بینیوە، خوێندنی خێرا کە تەنیا لە ساڵی ٢٠١٦ زیاتر لە (٢،٥٠٦) ئافرەت لێی سوودمەند بوون.

زیادبوونی ژمارەی قوتابخانەی تایبەت بە کچان، لە پێنج ساڵی رابردوودا رێژەی کچان لە قۆناغەکانی خوێندن بەم شێوەیە بوو: باخچەی منداڵان (٥٠٪)، بنەڕەتی (٤٧٪)، ئامادەیی (٥١٪)، پیشەیی (٣٦٪)، پەیمانگا (٣١٪) و خوێندنی خێرا

(٢٩٪). له لایەکی دیکەوە ژمارەی مامۆستا و قوتابیانی رەگەزی مێینە بەم شێوەیە بوو: (٩٢٢،٦٤٨) قوتابی واتە بە ڕێژەی (٥١،٧٢٪)ی کۆی قوتابیان و (٧٣،٧٦٩) مامۆستا بە رێژەی (٥٧،٧٪)ی لە کۆی مامۆستایان رەگەزیان مێ بووە.

خولی شیاندن بۆ زیاتر له (١٢،٠٠٠) مامۆستا کراوەتەوە بۆ گەیاندنی کەلتووری یەکسانی جێندەری، لە خوێندنی باڵا ئێستا لە کوردستان دەیان زانکۆی حکومی و زانکۆی ئەهلی هەیە کە رێژەی قوتابیان تێیاندا یەکسانە، هەروەها بەشێك لە راگر و سەرۆکی بەش ئافرەتن.

## شەشەم: رەوشی شەڵتەرەکان

یەکێک لەو بابەتانەی کە لە راپۆرتی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ ئاماژەی پێکراوە بریتییە لە رەوشی خانەکانی داڵدەدانی ئافرەتان هەڕەشە لێکراو (شەڵتەرەکان). لە گشت روویەکەوە، لێرەدا لایەنە پەیوەندیدارەکان بەم شێوەیە باس لە رەوشی شەڵتەرەکان دەکەن:

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (لایەنی پەیوەندیدار):** ئەو ئافرەتانەی کە ژیانیان مەترسی لەسەرە و رووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە رەوانەی شەڵتەرەکان دەکرێن و داڵدە دەدرێن، بۆ ئەوەی بە تەواوی پارێزراوبن تا ئەو کاتەی مەترسی لەسەر ژیانیان نامێنێت. بەپێی یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ (یاسای بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی) مامەڵە لەگەڵ هەموو جۆرە توندوتیژییەکی خێزانی دەکرێت بۆ پاراستنی ئەندامەکانی خێزان لە هەموو کارێکی نادروست و نەشیاو بە مەبەستی پاراستنی شیرازەی خێزان بەتایبەتی ئافرەتان و منداڵان کە قوربانی سەرەکی ئاژاوە و توندوتیژیی نێو خێزانین. وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (٤) ماڵی داڵدەی ژنانی هەڕەشە لێکراو کردۆتەوە لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، کەلار) لە سێ پارێزگاکە هەمیشەییە، بەڵام لە کەلار تەنیا بۆ ماوەی (٧٢) کاتژمێر کەیسەکان وەردەگرن ئەگەر لەو ماوەیەدا کە کێشەکە چارەسەر نەکرا، ئەوا لەلایەن دادگاوە کەیسەکە دەنێردرێتە پارێزگای سلێمانی.

لە ماددەی سێیەم لە بڕگەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووە: (پێویستە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم شوێنی حەوانەوە بۆ قوربانیانی توندوتیژی خێزانی دابین بکات)، لە بڕگەی سێیەمدا هاتووە: قوربانیانی توندوتیژی خێزانی هاوکاری تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە بۆ جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی ئەم بڕگەیە لە یاساکە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی رێنمایی ژمارە (٢) ساڵی (٢٠١٤) بۆ دروست کردنی ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراو دەرکرد، بۆ ئەم مەبەستە لە هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان فەرمانگەی تایبەت دامەزرا بە ناوی ماڵی داڵدەدان (شـەڵتەر)، کە ماڵێکی نهێنی پارێزراوە و تایبەتە بۆ لە خۆگرتنی ژنانی هەڕەشە لێکراو، و ئەو ژنانەی کە کێشەی کۆمەڵایەتییان هەیە بە مەبەستی پاراستن و بەدواداچوونی کێشەکانیان و چارەسەرکردنیان و دووبارە گێڕانەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگا و خێزان.

سەبارەت بەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەش دەکرێن لە شەڵتەرەکان، بەپێی پرۆگرامی کارکردنی ماڵی داڵدەدان بۆ ئەو ئافرەتانەی دووچاری توندوتیژی ئەبنەوە کاری لەسەر ئەکرێت، هەموو مافەکانی ئەو ئافرەتانەی بەفەرمانی دادوەر ڕوو لەشەڵتەرەکان دەکەن، پارێزراوە.

ئەم ماڵە (شەڵتەر) بە فەرمانی دادگای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی کەیس وەردەگرێ و وەزارەتی ناوخۆ ئەرکی پاراستنی لە ئەستۆدایە. ئاستەنگ هەیە لەم بەشە وەک کردنەوەی خولی تایبەت بۆ فەرمانبەران لە بوارەکانی (یاسایی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئیداری)، هەروەها هەندێ جار دادوەر کەیسی وا رەوانەی شەڵتەرەکان دەکات کە لەگەڵ ناوەڕۆکی یاسای شەڵتەرەکان و ڕێنماییەکان ناگونجێ، هاوکات لە رێگەی رێکخراوەکانەوە هەوڵدەدرێت پارێزەر بۆ کەیسەکانی ئەو ئافرەتانەی لە شەڵتەرەکان داڵدراون دابین بکرێت.

**<u>حەواندنەوەی ئافرەتانی پەنابەر و ئاوارە لە شەڵتەرەکان:</u>**

جگە لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، شەڵتەرەکان پێشوازی لە ئافرەتانی ئاوارە و پەنابەر و بیانیش دەکەن ئەوانەی رووبەڕووی هەر جۆرە هەڕەشەیەک دەبنەوە، بەتایبەتی ئافرەتان کەمئەندام وخاوەن پێداویستیی تایبەت بەبێ جیاوازی ئایینی، نەتەوەیی و زمان، ئێستا لە شەڵتەرەکان دەیان ئافرەتی بیانی هەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:

- سلێمانی (١٧) ئاوارە.
- هەولێر (١٠) ئاوارە و (١٨) پەنابەر کە هەڵگری رەگەزنامەی جۆراوجۆرن.
- دهۆك (١٥) ئاوارە هەبوو، بەڵام توانرا کێشەی بەشی هەرەزۆریان چارەسەر بکرێ.

**<u>زیادکردنی ژمارەی شەڵتەرەکانی داڵدەدانی ئافرەتان:</u>**

سەبارەت بە دروستکردنی شەڵتەر لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێم، چەندین بەربەست و ئاستەنگی هەبووە لەبەردەم دروستکردنی شەڵتەری زیاتر کە دیارترین و گرنگترینیان بریتین قەیرانی دارایی و کەمی ژمارەی فەرمانبەر، هەر لە بەر ئەم هۆکارانەش ئاستەنگ هەیە لەبەردەم مانەوە لە شەڵتەری داڵدەدانی ئافرەتان لە کەلار.

## <u>حەوتەم: رەوشی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت</u>

بەپێی یاسای ژمارە (٢٢ ی ساڵی ٢٠١١) یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت، هەموو مافەکانیان پارێزراوە و بە پێی پێویست بە جۆری کەمئەندامییەکەیان خزمەتگوزارییان پێشکەش دەکرێ لەلایەنی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، خوێندن، پەروەردە، شیاندن، کار کردن و تەرخان کردنی بەخێوکەر.

هەوڵەکانی لیژنەی پزیشکی بۆ پشکنینی کەمئەندامانە بەردەوامە، بۆ نوێکردنەوەی داتاکان کە تێیدا ژمارەی ئەو کەمئەندامانەی نێردراون بۆ لیژنەی پزیشکی و زانیارییەکان بەشێوەیەکی ورد تۆمارکراوە. سەبارەت بە دواکەوتنی مووچەکانیان، لەگەڵ دابەشکردنی مووچە، گشت فەرمانبەران و خانەنیشان مووچەی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان دابەش دەکرێت.

**<u>وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (لایەنی پەیوەندیدار):</u>**

حکومەتی هەرێم کە هەنگاوی زۆری ئەنجامداوە لەو رووەوە وەک ئەو یاسا و رێنمایی و هەنگاوە کرداریانەی کە لە بواری پاراستن و خزمەتکردنی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت و کەم ئەندامان دەرچوون، لەوانەش یاسای ژمارە (٢٢ی ساڵی٢٠١١) یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت و رێنمایی بۆ جێبەجێکردنی.

بەپێی راپۆرتی پزیشکی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت بەسەر چەند جۆرێک دابەشکراوان لەوانە: جەستەیی، نابینا، ئۆتیزم، کەڕ و لاڵ، مەنگۆلی، ئیفلیجی مێشک، دواکەوتنی عەقڵی، کورتە باڵاکان، پالاسیمیا، شیزۆفرینیا، هیمۆفیلیا و شەکرەی منداڵان. بۆ رێکخستنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوەیەکی وردی لیستی کەم ئەندامانی کرد و نزیکەی (١٣،٠٠٠) هەزار خاوەن پێداویستی تایبەت کە مووچەکانیان راگیرا بوو، دووبارە بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران موچەکانیان گەڕاوەتەوە.

**<u>تێکەڵ کردنی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لەگەڵ کۆمەڵگا:</u>**

لە داهاتوودا بەرێوەبەرایەتی گشتی پلانی هەیە بۆ ئەوەی خاوەن پێداویستی تایبەت رۆڵی هەبێت لە کۆمەڵگا وەک مرۆڤێکی ئاسایی، بۆ ئەم مەبەستە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دوای تەواوکردنی پەیمانگای هیوای نابیستان کە دوو ساڵە، بەردەوام دەبن لە خوێندن لە ئامادەیی پیشەیی.

**<u>ژمارەی خاوەن پێداویستییەکان کە سوودمەندن لە هاوکاری حکومەت:</u>**

ژمارەی گشت کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت کەتۆمارکراون و سوودمەندبوونە لە حکومەتی هەرێم و هاوکاری مانگانەیان پێشکەش دەکرێت بریتیە لە (٨٦،٤٠٥) تاک، هەروەها ژمارەی ئەوانەی کە فۆرمیان پرکردۆتەوە بریتیە لە (٣٠،٠٠٠) کەس. هاوکات ژمارەی قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت نزیکی (٣٥٠) قوتابییە لە پەیمانگەکانی سەر بە وەزارەتی کار کاروباری کۆمەڵایەتی.

**<u>کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە بواری پەروەردە:</u>**

حکومەتی هەرێم گرنگی بە بواری پەروەردە داوە بۆ ئەم مەبەستەش خوێندنی تایبەت بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەیە بەپێی ئەو پرۆگرامەی کە لە ساڵی ١٩٩١ بە ژمارە (٥) دەرچووە و لە ساڵی ٢٠٠٢ هەموار کراوەتەوە، بەم پێیەش خوێندن و راهێنانی جەستەیی و دەروونی بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندام دابینکراوە وەک (نابینا، ئۆتیزم، کەڕ و لاڵ، مەنگۆلی، دواکەوتنی عەقڵی) لە سەنتەری ئۆتیزم مامۆستا و سیستمی خوێندنی تایبەت دابینکراوە، هەروەها لە هەرێم پێنج پەیمانگای تایبەت بە (نابینا، ئۆتیزم، جەستەیی) کراوەتەوە کە نزیکەی (٨،٩٠٦) قوتابی لە خۆدەگرێت لە هەردوو رەگەز لە قۆتاغەکانی: باخچەی ساوایان، بنەرەتی، ناوەندی، ئامادەیی، پیشەیی، پەیمانگا، خوێندنی خێرا.

لەلایەکی دیکەوە لە ساڵی (٢٠١٥) وەزارەتی پەروەردە سیستمی پەروەردەی تایبەتی خستە نێو سیستمی گشتی پەروەردە و لیژنەیەکی هاوبەشی بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنا لە وەزارەتەکانی (پەروەردە، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، تەندروستی،

ڕۆشنبیری و لاوان) و سەدان قوتابی لێی سوودمەند. لە مەنهەجی خوێندنیش ئاماژە بە مافی کەم ئەندامان و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵیان کراوە، هەروەها کار دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی سیستمێکی ئەلیکترۆنی کە گشت زانیارییەکان لەخۆدەگرێت لەوانەش منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت و کەم ئەندامان، و ژمارەیەکی باش مامۆستای شارەزا و پسپۆری بواری خۆیان لەو قوتابخانە و پەیمانگایانە وانە دەڵێنەوە.

**<u>دامەزراندنی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت و کەمئەندامان لە کەرتی گشتی:</u>**

سەبارەت بە دامەزراندنی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت و کەمئەندامان لە دام و دەزگاکانی کەرتی گشتی، بەپێی مادده (١٠) بڕگەی (٣) لە یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١) پێویستە ڕێژەی (٥٪)ی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت لە دام و دەزگاکانی کەرتی گشتی و تایبەت دابمەزرێن، لە پاش شیاندنیان، و مەشق و ڕاهێنانیان پێ بکرێت لە بواری وەزیفی و پیشەیی، بەم پێیەش (١٢،٠٦٨) کەس لە خاوەن پێداویستیی تایبەت و کەمئەندام وەک فەرمانبەر لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم دامەزراون، بەشێکیان بە هۆی پلەی کەم ئەندامییان هاوکاری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن.

حکومەتی هەرێم ڕێنمایی تایبەتی دەرکردووە بەو فەرمانبەرانەی کە کەسێکی کەمئەندام یان خاوەن پێداویستیی تایبەت بەخێو دەکەن، لە پارێزگای هەولێر (١،٢٩٦) فەرمانبەر و لە پارێزگای دهۆک (٣٧٣) فەرمانبەر و لە پارێزگای سلێمانی (٢٢٠) فەرمانبەر سوودیان لەو مۆڵەتە وەرگرتووە، هەروەها حکومەتی هەرێم ڕێنمایی تایبەتی دەرکردووە بۆ ئەو ئافرەتە فەرمانبەرانەی کە کەسێکی کەمئەندام یان تووشبوو بە نەخۆشییەکی کوشندە بە خێو دەکەن بە پشت بەستن بە ڕاپۆرتی پزیشکیی تایبەت.

حکومەتی هەرێم ئاسانکاریی بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بواری کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت کردووە و لەو ڕووەوە زیاتر لە (٤٥) ڕێکخراو، سەنتەر، کۆمەڵە هەیە کە لەو بوارەدا کار دەکەن، هەروەها دام و دەزگای حکومی تایبەت بە کەمئەندامان دامەزراوە، لە بواری تەندروستیش (١٤) نەخۆشخانە و سەنتەر لە سلێمانی و (٥) نەخۆشخانە و سەنتەر لە هەولێر و (٥) نەخۆشخانە و سەنتەر لە دهۆک هەن کە خزمەتگوزارییەکان بەبێ جیاوازی پێشکەش بە کەمئەندامان دەکەن، هەروەها (١٢) سەنتەری پزیشکی تایبەت بە کەمئەندامان لە هەرێم هەیە کە (٥٤٤) پسپۆری چارەسەری سروشتی و (٥٦) تەکنیککار تێیدا کار دەکەن.

لە کاتی ڕاگرتن یان دەستگیرکردنی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت بارودۆخیان لەبەرچاو دەگیرێت و خزمەتگوزارییان پێشکەش دەکرێت لەوانە: دابینکردنی جلوبەرگ، شۆردن، ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی لە کاتی پێویست، دابینکردنی هۆڵێکی تایبەت بۆیان، شووشتنی جلوبەرگ و سەرتاشین، دابینکردنی دەستشۆری تایبەت بەپێی پلەی کەم ئەندامییان، و سەردانی کتێبخانە.

**<u>کاریگەری قەیرانی ئابووری لەسەر ڕەوشی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت و کەمئەندامان:</u>**

حکومەتی هەرێم هەوڵ بۆ خزمەتکردنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەم ئەندامان دەدات، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ئاستەنگی زۆر بۆتەوە. بۆ نموونە زیادکردنی مووچەی

کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان کە لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی پێشنیار کرابوو بە جۆرێک کە ڕێژەی کەمئەندامی بکرێتە بناغە بۆ زیادکردنەکە. بە هەمان شێوە هاریکاری بەخێوکەر ئەوانەی کە مووچەخۆری حکومەتن بۆ هەریەکەیان مووچەیەکی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ دابین دەکرێت کە هەروەکو لە یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠١١دا هاتووە، بەڵام بەهۆی خراپی باری ئابوورییەوە نەتوانراوە جێبەجێ بکرێت.

**<u>ڕەچاوکردنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەم ئەندامان لە دروستکردنی باڵاخانە و ڕێگاوبانەکان:</u>**

لە دروستکردنی ڕێرەوی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت هەوڵدراوە لە دام و دەزگایەکانی میری و تایبەت و لە گشت شوێنە گشتیەکان، هەروەها لە دروستکردنی باڵەخانەکان و شوێنە گشتییەکان، ڕێڕەوی ڕۆیشتنی تایبەت هەبێت. هەروەک لەیاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠١١ لە ماددەی (١١) مافی گواستنەوە و ژینگەی شیاو (حکومەت کار دەکات بۆ ناچارکردنی فەرمی و نافەرمی کە پابەندی مەرجی جیهانی و تەکنیکی و ئەندازەیی تەلارسازانەبن، کە دەبێت لە بینا و دامەزراوە و یاریگای گشتی و پەرستگا و شوێنە گشتی و تایبەتیەکان ڕەچاوی کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت بکرێت. هەروەک لە خاڵی (٤) هەمان ماددەدا داهاتووە: دەبێت فەرمانگەکانی هاتووچۆ نیشانەکانی جووڵە و هاتووچۆ بۆ کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت بخەنە نێو تاقیکردنەوەی بەخشینی مۆڵەت بە شۆفێران.

## <u>هەشتەم: ڕەوشی کرێکاران و کرێکارانی بیانی</u>

راپۆرتی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ تیشکی خستۆتە سەر رەوشی کرێکارانی ناوخۆ و بیانی لە هەرێمی کوردستان، چونکە جگە لە کرێکارانی ناوخۆ بە هەزاران کرێکاری بیانی و ئاوارە و پەنابەران لە گشت بوارەکاندا لە کوردستان کار دەکەن و حکومەتی لە هەوڵ دایە بۆ پاراستنی مافەکانیان.

**<u>وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (لایەنی پەیوەندیدار):</u>**

بۆ پاراستنی مافی کرێکاران یاسای کاری عێراقی ژمارە (٣٧)ی ساڵی ٢٠١٥ کاری پێدەکرێت، بۆ زیاتر گرنگیدان بە کرێکاران و پاراستنی مافەکانیان یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی ژمارە (٣٩ ساڵی ١٩٧١)ی هەموارکرا، دواتر یاسای ژمارە (٤ی ساڵی ٢٠١٢) دەرچووە کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکای کرێکاران و ژووری بازرگانی و لایەنە پەیوەندیدارەکان.

بەپێی یاساکە یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران کە کرێکارانی بیانیش دەگرێتەوە بۆ پاراستنی مافەکانیان لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکان. لە پارێزگاکان دادگای کار هەیە کە تایبەتمەندە بە یەکلاکردنەوەی کێشەی کرێکارەکان چ خۆماڵی بێت یان بیانی، بە مەرجێک ئەو کرێکارانە بە ڕێگای یاسایی ڕێوشوێنە پەیڕەو کراوەکان، هاتبنە هەرێم. بەشێوەیەکی گشتی کرێکاری بیانی هەموو ئەو مافانە هەیە کەوا کرێکاری خۆماڵی هەیەتی لە ڕێنمایی ژمارە (٢ی ساڵی ٢٠١٥) کە لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەرچووە، دیاری کراوە.

بەپێی ڕێنماییەکان سەرەوە کرێکارانی بیانی مافی مانەوەیان پێدەدرێت. پاش ئەوەی کۆمپانیاکە یان خاوەن کار داواکاری پێشکەش دەکات بۆ دابین کردنی کرێکار و جۆری پسپۆریەکەی دیاری دەکات لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاوی

ئەکاتەوە بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ ئەگەر لە کرێکاری ناوخۆی دەست نەکەوت، ئەوا پەنا دەبات بۆ هێنانی کرێکاری بیانی پاش ڕەزامەندی وەزارەتی کار، و وەزارەتی ناوخۆ، و ڕەزامەندی کاری یاسایی بۆ نشینگە ئەنجام دەدات، خاوەن کار یاخوود کۆمپانیاکە کەفالەتی بۆ دەکات. لە ئێستادا پێشنیار هەیە کە رێگە بە هێنانی کرێکاری بیانی نەدرێت.

**<u>سەلامەتی کرێکاران و پاراستنیان:</u>**

لە کاتی کارکردندا بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٢٢ی ساڵی ١٩٨٧) کە تایبەت بە تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی دەرچووە سەبارەت شوێنی کارکردن، بەپێی ئەو رێنماییانە لە کاتی کارکردنی کرێکاران پێویستە گرنگی بە سەلامەتی پیشەییان بدرێ کە هەموو مەرجەکانی دابینکردنی پێداویستیەکانی سەلامەتی پیشەیی کرێکار تێیدا دیاری کراوە و خاوەن کار و کرێکار پێویستە پابەندبن و جێبەجێی بکەن. لە مادەی (٧) برگەی (٢)ی هەمان رێنماییدا هاتووە سەرپێچی کار بەپێی یاسای کاری عێراقی ژمارە (٧١) ساڵی (١٩٨٧) مامەڵەی یاسایی لەگەڵدا دەکرێ، هەروەها لە کاتی کارکردن پێویستە کەل و پەلی سەڵامەتی و پێداویستییەکانی پاراستنی کرێکاران ئامادە بکرێن.

لە هەموو پارێزگاکانی هەرێم بەشی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی هەیە و لیژنە پێکهێنراوە بۆ سەردانی کۆمپانیا و شوێنی کارکردنی کرێکاران و بەدواداچوون بۆ رەوشی کرێکاران و سەردانی شوێنی کارکردن دەکەن لە پرۆژەکان و رێنمایی و ئامۆژگاری پێشکەش دەکرێت بۆ خۆپاراستن لە کارەساتی کتوپڕ لە کاتی کارکردن. هەروەها بنکەکانی خولی راهێنانی پیشەیی لە پارێزگاکان خولی راهێنانی پیشەیی دەکاتەوە بۆ کرێکاران و ئەوانەی بێکارن و هەوڵ دەدەن بۆ فێربوونی پیشە و گەشە پێدانی تواناکانیان بە مەبەستی ئامادە کردنیان بۆ بازاڕی کار.

سەبارەت بە ماوەی کارکردن و پشوودانی کرێکاران، لیژنەکان سەردانی شوێنی کار دەکەن و هەر خاوەنکارێک سەرپێچی بکات، سزا دەدرێت. هەروەها وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هێڵی گەرمی (بە ژمارە ٥٥٠٠)ی تەرخان کردووە و تایبەتە بە کرێکارانی نێوخۆ و بیانی بۆ ئەوەی هەمیشە بە ئاسانترین شێوە و دوور لە ڕۆتین لە پەیوەندیدا بن لەگەڵ سەرجەم کرێکاران، و تا بتوانن خێرا و ڕاستەوخۆ پرسیار و گازاندە و پێشێلکارییەکان بە لایەنی پەیوەندیدار بگەیەنن.

سەبارەت بە دابینکردنی بیمەی تەندروستی کرێکاران لە لایەن خاوەن کارەکانیان، بیمەی تەندروستی لە یاسای کار بوونی هەیە، بەڵام تا ئێستا نەچۆتە بواری جێبەجێ کردن، بەڵام وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی- ب.گ.کار و دەستەبەر ئاماژەی بەوەداوە کە هەر کرێکارێک دەستەبەر کرابیت و لە کاتی کارکردن تووشی پێکانی کار بێت، ئەوا هەموو تێچووی کرێکارەکە دەکەوێتە سەر خاوەن کار و مووچەی مانگانەی پێ دەدرێت تاکو دەگەرێتەوە سەر کارەکەی، ئەگەر کرێکار لەکاتی کارکردن کۆچ بکات ئەوا بەپێی یاسای خانەنشینی کرێکاران میراتگری کۆچ کردوو مووچەی خانەنشینی وەردەگرن.

**<u>ڕێنماییەکانی هێنانی کرێکاری بیانی:</u>**

- لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان: هەر کۆمپانیایەکی (ناوخۆیی و بیانی) کە لە کوردستان کار دەکەن و پێویستی بە خزمەتگوزاری پسپۆری دەگمەن هەبێت ئەوا بۆی هەیە لە ڕێگەی ڕۆژنامەی فەرمییەوە ئاگاداری خۆی بڵاوبکاتەوە ئەگەر

له ماوەی دیاریکراودا کەس نەهات بەدەم داواکارییەکانیانەوە ئەوا بۆی هەیە بەپێی ڕێنماییەکان لە دەرەوەی هەرێم کرێکار بهێنی.

• لە ڕێگەی کۆمپانیا ڕێگەپێدراوەکانی هێنانی کرێکاری بیانی: ئەم کۆمپانیایانە مۆڵەتی کارکردنیان هەیە لە هەرێمی کوردستان ئەویش بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان دەبێت. بەدەر لەم دوو ڕێگایە هاتنی کرێکاری بیانی بە نایاسایی ئەژمار دەکرێت.

• ئەو کرێکارە بیانیانە ئەگەر لە وڵاتی خۆیان دەستەبەری کۆمەڵایەتی (الضمان الاجتماعی) یان هەبێت کاتێک کە ڕووبەڕووی هەر کێشەیەک ببنەوە ئەوا بەدواداچوون بۆ کێشەکانیان دەکرێت، ئەگەر نەیانبێت ئەوا لە هەرێمی کوردستان بە پێی یاسا بۆیان دەکرێت و هەموو مافەکانیان بۆ دابین دەکرێت.

• هەر کۆمپانیایەک مافی کرێکاران پێشێلکاری بکات چ خۆماڵی بێت یاخود بیانی ئەوا بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان، ڕێکاری یاساییان بەرامبەر گیراوەتەبەر.

<u>**وەزارەتی ناوەخۆ (لایەنی پەیوەندیدار)**</u>: هێنانی کرێکاری بیانی و چۆنیەتی کارکردنیان لە پرۆژەکان و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵیان و ماف و ئەرکیان یەکێکە لە کارە گرنگەکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی ناوخۆ تەنها ڤیزای هاتنیان پێ دەدات ئەوەش پاش هاتنی ڕەزامەندی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و بەبێ ڕەزامەندی ئەوان هیچ ڤیزەیەك نەدراوە بە کرێکاری بیانی.

<u>**ئەو کار و چالاکییانەی کە لە کابینەی نۆیەم ئەنجامدراون بۆ پێشخستنی ڕەوشی کرێکاران:**</u>

<u>وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (لایەنی پەیوەندیدار):</u>

١. ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای کار، تا ببێتە زامنی پاراستن و فراوانکردنی مافی کرێکاران.

٢. ئامادەکردنی ڕەشنووسی هەمواری یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، بەجۆرێك لەگەڵ بارودۆخی ئێستاو داهاتووی کوردستان گونجاوتر بێت و مافی زیاتر بۆ کریکاران بەتایبەتی و خانەنشینان بە گشتی دابین بکات.

٣. چالاککردنی لیژنەکانی بەدواداچوون بۆ دەستەبەری کرێکاران، تا بتوانرێت هەموو کرێکاران دەستەبەر بکرێن و مافەکانیان پارێزراو بێت.

٤. کاراکردنی لیژنەکانی بەڕێوەبەرایەتی کار بۆ زیاتر بەدواداچوونی مافی کرێکاران و نەهێشتنی ئەو پێشێلکاریانەی بەرامبەریان دەکرێت.

٥. هەوڵی بەردەوام دەدرێت بۆ چالاککردنی هۆبەی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی (الصحة والسلامة المهنية)، تا ژیانی کرێکاران لە کاتی کارکردن پارێزراو و دوور بن لە بەرکەوتەی ترسناك.

٦. هەڵمەتی نیشتمانی بەردەوام بووە بۆ هۆشیارکردنەوەی کرێکاران لە هەردوو بواری دەستەبەر و سەلامەتی پیشەیی (الصحة و السلامة المهنية) کە هەردووکیان لە بەرژەوەندی کرێکارانە.

٧. بەردەوامی خزمەتگوزاری لە بنکەکانی مەشق و ڕاهێنانی پیشەیی و خولی بەردەوام لە ئەکادیمیای سویدی بەگوێرەی پێداویستی بازاڕ، بۆ ئامادەکردنی دەستی کاری پێویست و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ ئەوانەی ناویان لە وەزارەت تۆمار

کردووە و هەوڵدان بۆ ڕەخساندنی زۆرترین دەرفەتی کار لە ڕێگای جەختکردنەوە لە خاوەن کۆمپانیاکان و پێدانی قەرزی بچووك بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتری کارکردن.

٨. هەماهەنگی کردن لەگەڵ سەرجەم ڕێکخراوە ناوخۆیی و بیانییەکان بۆ هەر شتێك کە خزمەت بە بواری مەشق و ڕاهێنانی پیشەیی بکات، و کرێکاران ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ سوودی لێ ببینن.

٩. داکۆکی زیاتر لە کۆمپانیا و خاوەن کارەکان بۆ زیاتر بە دەمەوەهاتنی کرێکاران بە گشتی و کرێکاری ئافرەت بەتایبەتی.

١٠. کارکردنی تەواو لەسەر بابەتی کرێکاری بیانی و دەستی ئیشکەر لە دەرەوەی هەرێم، لە بەدواداچوونی باری ژیان و پاراستنی مافەکانیان، هەروەها سنووردار کردنی هێنانی کرێکاری بیانی بە مەبەستی ڕەخساندنی دەرفەتی کاری زیاتر بۆ دەستی ئیشکەری ناوخۆیی و کرێکاری خۆماڵی.

## نۆیەم: ڕەوشی ئاوارە و پەنابەران

لە ساڵانی ڕابردوو بە هۆی ڕووداوە سیاسییەکانی وڵاتانی دەوروبەر و عێراق لە ئەنجامی هێرشی تیرۆریستانی داعش، زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارە و پەنابەر ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، ئەمەش وایکردووە کە لایەنە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی تیشک بخەنە سەر ئەم بابەتە لە زۆر ڕووەوە بەتایبەتی پاراستنی بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ.

### وەزارەتی ناوخۆ لایەنی پەیوەندیدار:

یەکێك لە سەروەرییەکانی هەرێم کە لە هەموو جیهان باسی لێ دەکرێت ئەوەیە کە نزیکەی (٢) ملیۆن ئاوارە و پەنابەری لە خۆگرت کە بە چەند قۆناغێک ڕوویان لە هەرێم کرد، یەکەمیان لە ساڵی ٢٠٠٦ و قۆناغی دووەم لە دوای هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش بوو لە عێراق و سوریا، قۆناغی سێیەمیش دوای پرۆسەی ئازادکردنەوەی ناوچەکانی موسڵ و دەوروبەری دەستی پێکرد سەرەڕای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قەیرانێکی ئابووریدا بووە، بەڵام گرنگیەکی زۆری بە ئاوارەکان داوە بەرەچاو کردنی پرەنسیپە نێودەوڵەتیەکان.

### وەزارەتی تەندروستی لایەنی پەیوەندیدار:

لە بواری تەندروستی، چەندین بنکەی تەندروستی تایبەت بە لەدایکبوون لە کەمپەکان دامەزراوە. کەمپەکانی پەنابەر و ئاوارەکان ئێزیدی، عەرەب، شەبەک، مەسیحی، تورکمانەکانی شیعە...هتد وەکو یەک یارمەتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن لە ڕووی تەندروستیەوە و هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا ناکرێت، و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە کەرتی گشتی وەک دانیشتووانی هەرێم بۆ پەنابەر ئاوارەکانیش بە خۆڕاییە.

حکومەتی هەرێم بەپێی توانا لە هەموو ڕوویەکەوە هاوکاری ئاوارە و پەنابەرانی کردووە، بەتایبەتی ئافرەت و منداڵان وەك کردنەوەی سەنتەری تایبەت بە نەخۆشییەکانی ئافرەتان و پێشوازیکردن لێیان. ئەم سەنتەر و بنکە تەندروستیانە جگە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، لە ڕووی دەروونییەوە هاوکارییان دەکرێت بەتایبەتی لە سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی لە پارێزگای دهۆك کە لە پسپۆڕی یاسایی و دەروونی پێکهاتووە، و توانراوە هاوکاری زیاتر

لە دوو هەزار ئافرەت بکرێت، لەم ژمارەیە زیاتر لە هەزاریان ژنن و تەمەنیان لە سەرووی (١٨) ساڵە بە گواستنەوەیان بۆ نەخۆشخانە و چارەسەرکردنیان و ئارامکردنەوەی لایەنی دەروونی لەلایەن پسپۆڕانی دەروونناس و کۆمەڵناس. چەندین بنکەی پۆلیس و ئاسایش و نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەت لە ناو کەمپەکانی ئاوارە و پەنابەران کراونەتەوە.

حکومەتی هەرێم گرنگیەکی تایبەتی داوە بە تەندروستی ئافرەتە ئێزیدیە رزگاربووەکانی ژێر دەستی داعش، لەگەڵ چاودێری بە پەلەی تەندروستی ئافرەتانی دووگیان و ئەوانەی منداڵیان بووە، رێگە گرتن لە دووگیانی نەخوازراو، مردنی منداڵان و تووشبوونیان بە نەخۆشییەکان، دابینکردنی ئاوی پاکی خواردنەوە و چاودێری کردنی کەمئەندامان. تیمی چاودێری پزیشکی لە کەمپەکان داندراوە تەنانەت لەو شوێنانەی کە گەیشتن پێیان زۆر سەخت بوو بۆ رزگار کردنی ئاوارەکان، هاوکات خولی مەشق و راهێنانی بۆ کارمەندانی فریاگوزارییە پێویستەکان کراوەتەوە کە هۆکارێک بووە بۆ کەمکردنەوەی نەخۆشیەکان و رێگا گرتن لە بڵاوبوونەوەیان.

چارەسەری دەروونی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارە و پەنابەران کراوە و حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیەکی زۆری بە تەندروستی دەروونی ئاوارەکان بە گشتی و ئافرەتە ئێزیدیە رزگاربووەکان بەتایبەتی داوە، چونکە ئەم ئافرەتانە دووچاری کۆیلایەتی و دەستدرێژی سێکسی و جەستەیی بوونەتەوە ئەمەش کاریگەری دەروونی زۆری لەسەریان هەبووە و پێویستیان بە چاودێرییەکی تەندروستی چڕ هەبووە. سەنتەرێکی چارەسەری جەستەیی و دەروونی تایبەت بە ئافرەتە رزگاربووەکان لە دهۆک دامەزراوە و چەندین پزیشک وپسپۆڕی دەروونی لە دەرەوە هاتوون بە هاوکاری پزیشکە دەروونییەکانی ناوخۆیی خۆبەخش لەم سەنتەرەدا کار دەکەن. رۆژانە نزیکەی (٢٠) ئافرەتی رزگاربووی دەستی داعش سەردانی دەکەن، هەروەها بەردەوام پزیشکی تایبەتی ئافرەتان و دەروونی سەردانی ئافرەتە ئێزیدییەکان و رزگارکراوەکانیان کردووە کە لە کەمپەکانی دهۆک نیشتەجێن ئەمەش سوودێکی زۆری هەبوو لەڕووی دەروونییەوە، چونکە پزیشکان و پسپۆڕان لە نزیکەوە ئاگاداری باری تەندروستی و ئەو داڕووخانە دەروونییەوە بوون کە تووشی هاتبوون.

نزیکەی (٤) هەزار ئافرەتی ئێزیدی بەشداربوون لە خولەکانی وشیار کردنەوە تەندروستی ئافرەتی دووگیان، تەندروستی سێکسی، خۆپاراستن لەو نەخۆشیانەی لە رێگای سێکسەوە دەگوازرێنەوە، رێگا گرتن لە دووگیانی نەخوازراو و چۆنیەتی راگرتنی پاک و خاوێنی جەستەیی خۆیان لەو ژینگە نوێیە بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بەشێوەیەکی سروشتی و تەندروست لە دایک بێت. هەروەها پشکنینی تایبەتی خوێن و دووگیانی وەک پشکنینی ئایدز کە بۆ زۆربەیان ئەنجامدراوە و چارەسەری پێویستیان وەرگرتووە.

ئافرەت و کچە ئێزیدییە رزگارکراوەکان پێویستییان بە مامەڵەیەکی تایبەت هەبوو لەلایەنی دەروونییەوە ئەمەش تا رادەیەک ئاسان نەبوو، چونکە تووشی شڵەژانی دەروونی ببوون لە ئەنجامی ئەو کارەساتەی کە لەلایەن داعش بەسەریان هێنرابوو، دووبارە گێڕانەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگا ئەرکێکی سەخت بوو و پێویستی بە هاوکاری حکومەت هەبوو لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی هاوکاری بکرێن دووبارە تێکەڵ بە کۆمەڵگا ببنەوە و دەست بە ژیانی ئاسایی بکەنەوە.

لە بواری وشیارکردنەوە لە نەخۆشییەکان چەندین هەڵمەتی هۆشیار کردنەوە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشی شێرپەنجەی سینگ بۆ ئافرەتان کراوە ئەویش بەدابینکردنی چەند پزیشکێک، هەروەها هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە بۆ پاک وخاوێنی و پاراستنی تەندروستی دەم و ددان ئەنجامدراوە. جگە لەلایەنی تەندروستی جەستەیی حکومەتی هەرێم گرنگیی داوە بە لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتیش بۆ ئەم مەبەستەش لە کەمپی حەسەن شام خانەی بێ باوکان (دار الایتام) لە رێکەوتی ٢٠١٧/٨/٢٢ بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو منداڵانە دامەزراوە کە لە ئەنجامی شەڕی تیرۆریستان باوکیان لە دەستداوە. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین چالاکی هونەری جۆراوجۆر بۆ ئەو منداڵانە ئەنجامدەدرێ وەک چالاکی مۆسیقا و یاری جۆراو جۆر بۆ پاراستنی ژیانی ئاوارە و پەنابەران بەتایبەتی ئەوانەی لە دەرەوەی کەمپەکان یان لە خیوەتدا دەژین.

## دەیەم: بازرگانی کردن بە مرۆڤ

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی لە ساڵی ٢٠١٢ یاسای ژمارە (٢٨)ی پەسەند کرد کە بریتییە لە یاسای نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٨ یاسای ژمارە (٦)ی دەرکرد بۆ ئینفاز کردنی یاساکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە هەرێم، بەڵام پێشتر لە وەزارەتی ناوخۆ (لیژنەی باڵای نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ) دامەزرا کە لە نوێنەرانی گشت لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم پێکهاتووە، هەروەها بەپێی فەرمانی وەزاری ژمارە (٩٣٨٦ لە ٢٠١٦/٥/٣١) حکومەتی هەرێم چەند لیژنەیەکی لاوەکی لە پارێزگاکانی (هەولێر، دهۆک، سلێمانی) پێکهێنا. هەروەها دادگاکان و دادوەری تایبەت دەستنیشانکراون بۆ لێکۆڵینەوە و سزادانی تاوانباران.

لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە سەرپەرشتی دەکرێت. لیژنەی ناوبراو دوو مانگ جارێک کۆدەبێتەوە بۆ تاوتوێکردنی ڕەوشی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و دانانی میکانیزمی کارا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی.

لە یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٨ی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە کرێکارە بیانییەکان، ڕێنمایی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٥ی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی جێبەجێدەکرێت، هەروەها پتر لە (٢٠) دۆسیەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ کراوەتەوە و تۆمەتباران ڕاگیراون.

**وەزارەتی ناوەخۆ (لایەنی پەیوەندیدار):** رێکارەکانی نەهێشتنی بازرگانی کردنی بەمرۆڤ بەم شێوەیەی خوارەو خستۆتەڕوو:

١. پەرەپێدانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و پێشخستنی بە گۆڕینی ناوی بەڕێوەبەرایەتییەکە بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان کە لە دوو بەش پێکهاتووە ئەوانیش بریتین لە بەشی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و نەهێشتنی بەقاچاخ بردنی مرۆڤ، و بەشی لێکۆڵینەوە لەسپی کردنەوەی پارە.
٢. پابەندکردنی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان کە شەش نووسینگەی بەرکاری هەیە لەسەر ئەو تاوانانەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە و پێشبینی دەکرێت دوو نوسینگەی تریش لە ئیدارەی زاخۆ و سۆران بکرێتەوە.

٣. هەماهەنگی راستەوخۆ لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی ڤیزە دروستکراوە بۆ مەبەستی بەدواداچوون لەگەڵ سەرجەم ئەو سپۆنسەرانە کە لەرێگای کۆدی ئەوانەوە هاوڵاتی بیانی ڤیزەیان بۆ وەردەگرێت تا بێنە ناو هەرێمی کوردستان لەپارێزەر و کۆمپانیای ڤیزا و نشینگە و کۆمپانیاکانی هێنانی دەستی کار.
٤. چاودێری کردنی ئەو شوێنانە و سەردانیکردنی چێشتخانە و کافتیرا و بازاڕی ناوەندییەکان و کارگە و کۆمپانیاکان بۆ مەبەستی نەهێشتنی بازرگانی کردن بە ئافرەت و منداڵ.
٥. نوسینگەی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ کار لەسەر ئەو کەیسانە دەکات کە کاری بازرگانی بە منداڵ دەکەن بە مەبەستی سواڵکردن و رێکارە یاساییەکان ئەنجام دەدات و کەیسەکان ڕەوانەی دادگای لێکۆڵینەوە دەکات.

**بازرگانیکردن بە منداڵ:**

ژمارەیەک منداڵ لەلایەن کەسانێکەوە بەمەبەستی سواڵپێکردن لەسەر شەقامەکاندا بەکارهاتوون کە تەمەنیان لە نێوان (٨ تا ١٢) ساڵان بووە، هەندێکیان خودی خانەوادەی منداڵەکان بوون و هەندێک لەو منداڵانە پەنابەری سووری و ئاوارە بوون، ئەو کەسانە دەستگیر کراون لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکان رێکاری یاسایی بەرامبەریان وەرگیراوە. ژمارەی ئەو منداڵانەی کە لەتۆمارەکانی بنکەکانی پۆلیسی نەوجەوانان لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون گەیشتووەتە نزیکەی (٧٨٦) منداڵ کە تەمەنیان لە خوار (١٨) ساڵە.

<u>وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (لایەنی پەیوەندیدار):</u> سەبارەت بە هەنگاوەکانی حکومەت بۆ پاراستنی ئەو منداڵانەی کە خێزانەکانیان تووشی پەرتەوازەیی دەبن، دادگا چارەنووسیان دیاری دەکات کە ئایا لای باوک بمێننەوە یا دایک و دیاریکردنی خەرجیان. هەروەها لەخانەی نەوجەوانانی کوڕان یا کچان شوێن بۆ ئەم منداڵانە دابین دەکرێت تاوەکو تەمەنی ١٨ ساڵی.

**<u>ئەنجومەنی دادوەری (لایەنی پەیوەندیدار):</u>** هەر کەسێک بە هەر تۆمەتێک بدرێتە دادگا، رێکاری پێویست بە پێی یاسا لەسەر کەیسەکەی ئەنجام دەدرێت.

## یازدەم: ماددەی هۆشبەر

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بابەتی  بازرگانی کردن بە مادده هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان و بەکارهێنانی بۆتە باسێکی گرنگ و دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە راپۆرتەکانیدا بە گرنگییەوە باسی دەکات، لایەنە پەیوەندیدارەکان هۆکارەکانی زیادبوونی بازرگانی کردن و بەکارهێنانی و رێوشوێنەکانی نەهێشتنی بەم شێوەیە دەخەنە ڕوو:

لە ئاماری سەنتەری چاکسازییەکان ئاماژە بەوە کراوە کە رێژەی قوربانییەکان ڕوو لە زیادبوونە. تۆمەتباران بەپێی ماددەی (٢٥) لە یاسای ژمارەی (١)ی ساڵی (٢٠٢٠) یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ کراوەتەوە و رەوانەی بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە کراون.

لە ساڵی ٢٠١٩ دا، (١،٧٩٤) کەس دەسگیرکراون بەهۆی بەکارهێنان و بازرگانی کردن بە ماددەی هۆشبەر، و ئەم ژمارەیە کەمیکردووە بۆ (١،٢٩٥) کەس لە ساڵی ٢٠٢٠ دا. بە گشتی (٣،٠٨٩) کەس دەستگیرکراون کە (٧٥) یان بازرگانیان پێوەکردووە و (٣،٠١٤) یان بەکارهێنەر بوونە.

ئاماری تۆمەتبارانی ماددەی هۆشبەر (ئاڵوودەبوان و بازرگانان) بۆ شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ کە دەستگیر کراون و دراونەتە دادگا بریتییە لە (٨٨١) تۆمەتبار و بڕی ئەو ماددە هۆشبەرەی دەستی بەسەر داگیراوە بریتییە لە (٢١٥) کیلۆ گرام بە گشت جۆرەکانییەوە.

**<u>وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (لایەنی پەیوەندیدار):</u>** سەبارەت بە پێشنیاری کردنەوەی سەنتەرێک بۆ ئاڵودەبووانی ماددە هۆشبەرەکان، پاڵپشت بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٠) تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلیەکان، کەیسی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەری لە ڕێگای دادگاوە داوە بە سەنتەرەکانی چارەسەری سەر بە وەزارەتی تەندروستی. بەڵام لە ماددەی (٧)ی هەمان یاسادا لە ڕێگەی کردنەوەی سەنتەرێک بۆ شیاندنەوە و فێرکردنی پیشەیەکی گونجاو و ڕاهێنانی کەیسەکانی ماددەی هۆشبەر دوای چارەسەری و تەواوکردنی ماوەی حوکم، دراوەتە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و بەڕێوبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی بە کارەکە هەڵدەستێت.

ئەو پڕۆگرام و بەرنامانەی کە لە ئێستادا لە چاکسازییەکانی هەرێمی کورستان لەسەر ئاڵوودەبوان بە ماددەی هۆشبەر جێبەجێ دەکرێت، بریتیە لەوەی کە ئاڵوودەبووان بەپێی پۆلێن جیاکراونەتەوە لە سزادراوان بە ماددەکانی تر. ئەو پڕۆگرامانەی تا ئێستا ئەنجام دراون بریتین لە پێشکەش کردنی چەند سیمینارێک لەلایەن چەند مامۆستایەکی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها ئەو پڕۆگرامانەی کە ڕێکخراوی (وچان) پێشکەشی کردوون لە چاکسازییەکان (گەوران، ژنان و منداڵانی سلێمانی و هەولێر).

حکومەتی هەرێم ستراتیژێکی تایبەت پەیرەو دەکات بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ماددەی هۆشبەر و داوای هاوکاری لە لایەنە نێودەوڵەتییەکان کردووە لە ڕوانگەی دابینکردنی پسپۆری تایبەت، لۆجستیک بۆ سەنتەری تایبەت بۆ شیاندنەوە، دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی پێویست بۆ قوربانیان، بەرەوپێشبردنی دەسەڵاتی دادوەری، و بنبڕکردنی بازرگانی کردن بە ماددەی هۆشبەر.

لیژنەی بەرەنگارەبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵیەکان کە بە سەرپەرشتی وەزیری تەندروستییە لە ئێستادا بە هاوبەشی وەزارەتی تەندروستی و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی خەریکی بنیاتنانی سەنتەرێکی شیاندنەوەن.

## <u>دوازدەیەم: ڕەوشی چاکسازییەکان و بەندیخانەکان</u>

هێشتنەوەی ڕاگیراوان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، ڕێوشوێن و ڕێکارە یاساییەکانی تایبەت بە دەستگیرکراوان، هەبوونی نەخۆشی مەترسیدار لە هەندێک لە سزادراوەکان و هەندێک بابەتی تر لە ڕاپۆرتی دەستەی سەربەخۆدا ڕەخنەی لێ گیراوە، لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی هەرێم زانیاری لەبارەی ڕەوشی چاکسازییەکان بەم شێوەیە دەخەنە ڕوو:

**جۆرەکانی گرتووخانەکان لە هەرێمی کوردستان**

بە شێوەیەکی گشتی لە کوردستان سێ جۆرە گرتووخانە هەیە (بنکەی راگرتن و گواستنەوە (التوقيف و التسفيرات)، بنکەی چاکسازی، بنکەی چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان). دوای دەستگیرکردنی تۆمەتباران و داواکراوان بەپێی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی (قانون اصول محاكمات الجزائية) ژمارە (٢٣) ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و رێکارەکان بریتییە لە سەلماندنی کەسایەتی داواکراو و گومان لێکراو و دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەیەکی بنەڕەتی.

دوای گەیشتن بە راستی داوایەکە تۆمەتبارەکە وەک مافێکی خۆی بۆی هەیە پارێزەرێک ئامادە بکات و ئەگەر نەیتوانی پارێزەر ئامادە بکات ئەوا لەسەر دادگا پێویستە پارێزەری بۆ دابین بکات و ئاگاداری کەسوکاری دەکرێت کە ناوبراو گیراوە لە بنکەی پۆلیس، دواتر کەیسەکە رەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت بۆ یەکلایی کردنەوەی بەپێی یاسا.

**رێوشوێن و رێکارە یاساییەکانی تایبەت بە راگیراوان و سزادراوان:**

**وەزارەتی ناوخۆ (لایەنی پەیوەندیدار):** وەزارەتی ناوخۆ دەزگای جێبەجێکردنی بڕیار و فەرمانەکانی داگاکانە و هەر کەسێك فەرمانی دەستگیرکردنی لە دادگا بۆ دەرنەچووبێت دەستگیر ناکرێت. بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ ی هەموارکراو پاش دەرچوونی فەرمانی دەستگیرکردن لەلایەن دادگاوە، تۆمەتبار دەستگیردەکرێت بەپێی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی (اصول المحاكمات الجزائيە) ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو هەموو رێکارە یاساییەکانی بەرامبەر دەگیرێتە بەر. بەم پێیەش وەزارەتی ناوخۆ دەسەڵاتی گرتن و ئازاد کردنی کەسی نییە ئەگەر دادگا فەرمانی دەستگیرکردنی نەدات.

دوای ئەوەی راگیراو حوکمی لە دادگاوە بۆ دەرەدەچێت رەوانەی دام و دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ دەکرێ بۆ سەپاندنی سزاکەی. لەلایەکی دیکەشەوە بەپێی مادده (١٩) بڕگە ١٢/ا ی دەستووری عێراق دەستبەسەرداگرتنی ئیداری (حجز اداری) قەدەغە کراوە و دەسەڵاتی بەند کردن تەنیا دراوەتە دادوەر.

سەبارەت بە پرۆسەی لێکۆڵینەوە لە بنکەکانی پۆلیس، دەستەی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی سەر بە وەزارەتی ناوەخۆ هەیە کە ئەرکی سەرەکی ئەم دەستەیە بریتیە لە بەدواداچوونی وردە بۆ هەرکەموکورپەك ئەگەر هەبێت لە دام و دەزگا سەربازیەکان لە وەزارەتی ناوەخۆ، بۆ ئەم مەبەستە بەدواداچوونی وردکراوە بۆ ئەم بابەتە و ئەگەر سکاڵا هەبێت لەسەر ئەم بابەتە وەرگیراوە لەلایەن ئەم دەستەیە و کاری لەسەرکراوە.

**ئەنجومەنی دادوەری (لایەنی پەیوەندیدار):** سەبارەت بە سیستمی لێکۆڵینەوە تەنها پۆلیس لێکۆڵینەوە ئەنجام نادات بەڵکو بەپێچەوانەوە لێکۆڵەرەوەی دادوەری لە هەموو بنکەکانی پۆلیس وەك فەرمانگەیەك کار دەکات کە لە چەندین لێکۆڵەری دادوەری بە توانا پێکهاتووە و لێکۆڵینەوەی زانستی و چڕ و پڕ ئەنجام دەدەن و زۆربەی کاتەکانیش دادوەری لێکۆڵینەوە بە پشت بەستن بە وتە و ئیفادەکانی لێکۆڵەرەوەی دادوەری لە پەراوی لێکۆڵینەوە بڕیار دەردەکات.

**مانەوەی تۆمەتباران بۆ ماوەیەکی زۆر لە بنکەکانی راگرتن و دواکەوتنی دادگایی کردنیان:**

**ئەنجومەنی دادوەری (لایەنی پەیوەندیدار):** سەبارەت بە دواکەوتنی کەیسەکان لە دادگا، ئاماژەی پێدراوە کە ئەو کەیسانەی دەگەنە دادگا لە کاتی خۆی لە لایەن دادوەرە بەڕێزەکان دەبینرێت و کاری پێویستی لەسەر ئەنجام دەدەن بۆ ئەم مەبەستەش ئەنجومەنی دادوەری بەدواداچوونی بەردەوامی لەسەر ئەم بابەتە هەیە.

هەروەها سەبارەت بە زیاد کردنی ژمارەی دادوەران بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان بەشێوەیەکی خێراتر، لە ئێستادا (٤٧) دادوەری بەڕێز فەرمانی هەرێمییان بۆ دەرچووە، مامەڵەکانیان لە پرۆسەی دامەزراندن دان و (٤٥) قوتابی تر لە ئێستادا وانە دەخوێنن لە پەیمانگەی دادوەری لە دوای دەرچوونیان وەکو دادوەر دەستبەکار دەبن لە دادگا. بابەتێکی تر کە بریتیە لە یەکلاییکردنەوەی کەیسەکان و ناردنی بۆ دادگای تێهەڵچوون، کەیسەکان بەرێکاری یاسایی یەکلایی دەکرێتەوە و ئەو بڕیارانەی کە تانەی لێدەگیرێت ڕەوانەی دادگای تێهەڵچوونەوە دەکرێت، کە لە چوارچێوەی یاسا دیاریکراوە، تایبەتمەندە بەبینینی.

لە دەڤەری ڕاپەڕین، لە ئێستادا دادگای بەرایی لە دەڤەری ڕاپەڕین بوونی هەیە و ڕۆژانە کار لەسەر داوا و کەیسەکانی هاووڵاتیان دەکات.

**وەزارەتی ناوخۆ (لایەنی پەیوەندیدار):** بە مەبەستی نەهێشتنەوەی ڕاگیراوان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەر لە دادگایی کردنیان، وەزارەتی ناوخۆ بە لیست مانگانە ناوی ڕاگیراوان ڕەوانەی لایەنی پەیوەندیدار دەکات، بەهەمان شێوە ئەو ڕاگیراوانەی لە شەش مانگ زیاتر لە بەشەکانی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی پارێزگاکان ڕاگیراون و پەڕاوەکانیان یەکلایی نەکراوەتەوە، ناوەکانیان بە لیست ڕەوانەی سەرۆکایەتی دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی پارێزگاکان دەکرێت بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان.

بەشێوەیەکی سەرەکی دواکەوتنی ڕێوشوێنەکان دادگایی کردنی تۆمەتباران هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە بنکەکان پۆلیس و نووسینگەکانی نەهێشتنی تاوان ڕێکارە یاساییەکان لەلایەن لێکۆڵەرەکانی پۆلیس ئەنجام دەدرێت کە بەپێی یاسا بۆی دیاریکراوە، بەڵام لە لایەن بەڕێزان دادوەرانی لێکۆڵینەوە چارەنووسیان دیاری دەکرێت لە هەمان کاتدا بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە ئەستۆی دادوەرانی لێکۆڵینەوە بۆ تەواوکردنی پەراوی لێکۆڵینەوە لە ماوەی یاسایی دیاری کراو.

**بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی (لایەنی پەیوەندیدار):** لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش نوێنەری دادوەر هەیە و بەشداری دەکات لە لێکۆڵینەوە لەگەڵ تاوانباران، چونکە دوای دەستگیرکردنی هەر تاوانبارێك، پێویستە ئەفسەری لێکۆڵینەوە بەڵگە لەسەر تاوانبار کۆبکاتەوە، ئینجا بە بەشداری نوێنەری دادوەر دۆسییەکانیان ئاراستەی دادوەر دەکرێن.

هەر کەسێك لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیر بکرێت بۆ ماوەی (٢٤) کاتژمێر دەمێنێتەوە بۆ لێکۆڵینەوە و لەوکاتەدا کەسوکاریشی ئاگادار دەکرێنەوە، دواتر بەپێی ئەنجامی لێکۆڵینەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و دەنێردرێن بۆ دادگای تایبەت بۆ یەکلاکردنەوەی کەیسەکانیان.

هۆکاری دواکەوتنی ڕێو شوێنەکان دادگایی کردنی تۆمەتباران ئەوەیە کە لە بنکەکان پۆلیس و نووسینگەکانی نەهێشتنی تاوان ڕێکارە یاساییەکان لەلایەن لێکۆڵەرەکانی پۆلیس ئەنجام دەدرێت کە بەپێی یاسا بۆیان دیاری کردووە، بەڵام لەلایەن بەڕێزان دادوەرانی لێکۆڵینەوە چارەنووسیان دیار دەکرێت لە هەمانکاتدا بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەوە بۆ تەواوکردنی پەراوی لێکۆڵینەوە لە ماوەی یاسایی دیاری کراو.

ئەندامانی داواکاری گشتی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر نووسینگەیان نییە، تەنیا (لێکۆڵەری دادی- المحقق العدلی) کە سەر (بە وەزارەتی داد)ن نووسینگەیان لە بارەگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر هەیە و کارەکانیان تێیدا ئەنجام دەدەن، بەڵام لە کاتی پێویست ئەندامانی داواکاری گشتی نووسینگەی ئەوان بەکاردێنن.

گشت ڕاگیراوەکان لە ئاسایش دوای دەستگیرکردنیان بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ دەمێننەوە تا بەپێی یاسا قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە کۆتایی پێدێت و دۆسیەکانیان یەکلایی دەکرێتەوە، بەڵام هەندێك جار بۆ سەلماندن و کۆکردنەوەی بەڵگەی زیاتر، ئەوا ماوەکە درێژ دەکرێتەوە ئەویش بەپێی فەرمان و ڕەزامەندی دادوەر، چارەنووسی ڕاگیراو لە ماوەی (٢٤) کاتژمێر دیاری دەکرێ یان ئازاد دەکرێ یان لێکۆڵینەوەکان بەردەوام دەبن، گەواهیدەرەکانیش بە هەموو شێوەیەك پارێزراون. لە هەمان کاتدا هەر کارمەندێکی ئاسایش پێشێلی پرەنسیپەکان بکات و پابەندی ڕێنماییەکان نەبێت سزا دەردێ.

<u>**بینای چاکسازییەکان:**</u>

بۆ چارەسەرکردنی گرفتی قەڵەباڵغی گرتووخانەکان و چاکسازییەکان، هەوڵدراوە لە هەرسێ پارێزگا (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) شوێنی نوێ دروست بکرێ بۆ ئەم مەبەستەش زەوی لە شوێنی گونجاو تەرخان کراوە بۆ دروستکردنی بینا و باڵەخانەی تازە بۆ چاکسازییەکانی ژنان و مێردمنداڵان. لە ئێستادا، لە هەولێر بەشێکی زۆری کارەکانی بینای چاکسازی ژنان تەواو بووە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی کارکردن لە پڕۆژەکە وەستێنرا.

بە هەمان شێوە لە دهۆك و سلێمانی ئەو زەوییانەی بۆ چاکسازی ژنان تەرخان کراوە دیزاین و نەخشەسازی کۆتایی پێهاتووە حەواڵە کراوە بۆ کۆمپانیای بەڵێندەر بۆ دەست بە کاربوون، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە بۆ ماوەیەک وەستێنران و ئەم پرۆژانە ڕاگیران. لە ئێستادا، ئەنجومەنی وەزیران فەرمانی کردووە بە دروست کردن و تەواو کردنی ئەو چاکسازییانەی کە کاری دروست کردنی باڵەخانەکانیان وەستێنراوە بەهۆی قەیرانی دارایی و زەوی پێویستی بۆ دروست کردنی بینایەی چاکسازییەکانی ژنان و منداڵانی بەجیا بۆ هەر یەکەیان دابین کردووە.

<u>**بەشە خۆراکی بنکەکانی ڕاگرتن و چاکسازییەکان:**</u>

<u>کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (لایەنی پەیوەندیدار):</u> لە ئێستادا بەشە خۆراکی ڕاگیراوان و زیندانیکراوان بە شێوەیەکی باش بە پێی خشتەی ئامادەکراو دەدرێت بە ڕاگیراو و زیندانیکراوان. وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی ساڵانە خشتەی خواردن ئامادە دەکات و کەسانی پسپۆڕ هەڵدەستن بە ئامادەکردنی و پێشکەش بە پارێزگاکان دەکرێت بۆ مەبەستی پێدانی بە بەڵێندەر. لە رووی کوالێتیەوە، خواردنەکە بە گوێرەی حەز و داواکاری سزادراوان لە لایەك، لەلایەکی دیکە بە گوێرەی گونجانی بۆ باری تەندروستی سزادراوان ئامادە

دەکرێت. هەروەها لایەنی پەیوەندیدار لە خەمی باشتر کردنی کوالێتی ژەمە خواراکەکاندایە، بەڵام بە پێی ئەو بڕە پارەیەی کە لە لایەن وەزارەتی داراییەوە بۆ هەر ژەمێکی سزادراوان بڕیار لەسەر جۆری خواردن و بڕەکەی دەدرێت.

**<u>بنکە چاکسازییەکان لە رووی تەندروستییەوە:</u>**

**<u>دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان (لایەنی پەیوەندیدار):</u>** حکومەتی هەرێم گرنگییەکی زۆر بە رەوشی تەندروستی لە گرتووخانەکان دەدات. دوو گرتوخانەی چاکسازی هەیە هەر یەکێکیان بنکەی تەندروستی و تیمی پزیشکی (٢٤) کاتژمێری هەیە، هەروەها تاقیگە و دەرمان هەیە و بۆ هەر بەندکراوێک فۆرمی تایبەتی درووستکراوە. هەر بەندکراوێک لە سەرەتای هاتنی بۆ گرتوخانەکانی گرتن و گواستنەوە، پشکنینی تایبەتی پەیوەندیداری پێویستی بۆ دەکرێت و فایلی تەندروستی تایبەت بە خۆی دەبێت، هەروەها پشکنین بۆ نەخۆشییە گوازراوەکان دەکرێت وەک (هەوکردنی جگەر، ئایدز و سیل) و نەخۆشیە درێژخایەنەکانی وەک (شەکرە و فشاری خوێن) و نەخوشیەکانی دیکە.

<u>وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (لایەنی پەیوەندیدار):</u> وەزارەتی تەندروستی چاودێری بنکە تەندروستییەکان دەکات خزمەتگوزاری و پێداویستی تەندروستی بۆ ئەو بنکە تەندروستییانەی کە لە چاکسازییەکان هەن دابین دەکات. هەروەها رێکخراوی نێودەوڵەتی خاچی سوور بەردەوام سەردانی سەنتەرە چاکسازییەکان دەکات و هەڵسەنگاند بۆ کەم و کورییەکانیان و پێداویستییەکانیان دەکات. هەر سزادراوێکیش کە دەچێتە سەنتەری چاکسازی، لە ژووری پێشوازی چەند فۆرمێک هەیە کە پێویستە پربکرێتەوە کە بریتین لە فۆرمی تەندروستی، کۆمەڵایەتی، یاسایی، و لە فۆرمی تەندروستی پشکنینی بۆ دەکرێت. سەبارەت ئەو سزادراوانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتن، سەرجەمیان کەلوپەل و پێداویستیان بۆ دابین کراوە وەکو چارەسەری پزیشکی و نەقالەی گواستنەوە و بردنیان بۆ نەخۆشخانە و پشکنین و ...هتد.

یەکێکی تر لە بابەتە گرنگەکانی پەیوەندیدار بە چاکسازییەکان بریتیە لەو سزادراوانەی کە سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە. ژمارەیەک لەو کەسانەی کە بە سزای لەسێدارەدان حوکم دراون چارەنووسیان دیار نییە بەهۆی ئەوەی تاکو ئێستا سزاکەیان جێبەجێ نەکراوە، ئەمەش وایکردووە گرفت و کێشەیان زۆر بێت و داوا لە لایەنی پەیوەندیدار کراوە کە چارەنووسیان یەکلا بکرێتەوە بە دابەزاندنی حوکمەکانیان یاخود گرتنەبەری رێوشوێنی دیکە.

سەبارەت بە رێکارەکانی ئازاد کردنی بە مەرج و دوانەکەوتنیان، ئازادکردنی بەمەرج یەکێکە لە رێکارە یاساییەکان کە لە یاسای سزادانی عێراقی ساڵی (١٩٦٩)دا هاتووە کە سزادراوی سەروو (١٨) ساڵ مافی ئەوەی پێدراوە هەر ساڵێکی ماوەی حوکمەکەی (٣) مانگی لێ کەم بکرێتەوە بەڵام بۆ سزادراوی نەوجەوان و خوار (١٨) ساڵ هەر ساڵێك (٤) مانگ لە حوکمەکەی کەم دەکرێتەوە. ئەم رێوشوێنەش بە پێی یاسا و رێنمایی رێکخراوە و سەرجەم سزادراوان ناگرێتەوە بەڵکو هەندێ ماددەی یاسایی لێ بەدەر کراوە وەکو (تیرۆر، تاوانە رەوشتیەکان، بەشێك لە ماددەی تاوانی کوشتن).

رێوشوێنەکانی پێدانی ئازادکردنی بەمەرج، لە رێگای چاکسازییەکانەوە رێوشوێنەکانی ئەنجام دەدرێن بە بێ دواکەوتن، و کارمەندانی یاسایی و توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی هەڵدەستن بە تەواوکردنی رێکارەکان و دەینێرن بۆ دادگا بە مەبەستی بڕیاری کۆتایی و پێدانی ئەو مافە بە سزادراوەکە.

## سێزدەیەم: ئازادی ڕادەربڕین و میدیا

یەکێک لەو بابەتانەی کە هەمیشە لە راپۆرتی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ ئاماژەی پێدەکرێت بریتییە لە بابەتی ئازادی رادەربڕین و پاراستنی مافی رۆژنامەنووس و میدیاکاران، لایەنە پەیوەندیدارەکان بەم شێوەیە را و سەرنجی خۆیان سەبارەت بەم بابەتە دەخەنەڕوو:

**وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان (لایەنی پەیوەندیدار):**

لە هەرێمی کوردستان ئازادی رۆژنامەگەری و ڕادەربڕین بە پێی یاسا رێکخراوە و لە کاتی بوونی هەر حاڵەتێك کە دژ بە ڕێنماییەکانی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان و پێشێلکردن بێت یان بچێتە خانەی تەشهیر و ناوزڕاندن ئەوا کار بە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو دەکرێت، بۆیە پێویستە میدیاکارانیش نەبنە هۆی تێکدانی رەوشی ئارامی و زیانگەیاندن بە موڵکی گشتی و تایبەت، سەرەڕای ئەوەش هەرکاتێک رۆژنامەنووس یان دەزگایەکی میدیایی یاسا پێشێل بکات ئەوا راستەوخۆ لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە رێوشوێنیان بەرامبەر ناگیرێتە بەر، چونکە بەپێی یاسای ڕۆژنامەنووسی ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) تایبەت بە کاری رۆژنامەوانی ناکرێت هیچ رۆژنامەنووسێک دەستگیر بکرێت بەبێ بڕیاری دادگا و رەزامەندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

پێویستە دەزگاکانی راگەیاندن و میدیاکان لەلایەن خۆیانەوە بە پێچەوانەی یاسا کار پێکراوەکانی هەرێمی کوردستان رەفتار نەکەن و رووماڵ کردنەکەیان بۆ رووداوەکان بۆ گەیاندنی راستییەکان بێت و داواکاری رەوای هاووڵاتیان بێت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەك کاریگەریی نەرێنیی هەبێت و ببێتە هۆی نانەوەی ئاژاوە. هەر کاتێک دەزگایەکی راگەیاندن سکاڵایەکی هەبێت دژی لایەنە ئەمنییەکان ئەوا دەزگا پەیوەندیدارەکان رێوشوێنی یاسایی پێویست دەگرنە بەر دژی ئەو کەسانە کە پێشێلکاریان ئەنجامداوە.

هەرکاتێک رۆژنامەنووس یان دەزگایەکی میدیایی یاسا پێشێل بکات ئەوا راستەوخۆ لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە رێوشوێنیان بەرامبەر ناگیرێتە بەر پێویستە میدیاکارانیش نەبنە هۆی تێکدانی رەوشی ئارامی و زیانگەیاندن بە موڵکی گشتی و تایبەت. بۆ زیاتر پاراستنی بەهاکانی کۆمەڵگا و پەیڕەوکردنی سیستەمی دیموکراتی، پێویستە چالاکوانان و میدیاکاران ئەم مافە بە شێوازێک بەکاربهێنن کە رێگا خۆشکەر بن بۆ زیاتر سەقامگیری و ئاشتەوایی کۆمەڵگا.

**سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان (لایەنی پەیوەندیدار):**

لەبارەی یاسای ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ تایبەت بە رۆژنامەنووسان هەنگاوی باش نراوە کە ئەوانیش بریتین لە:

١. چاپکردنی یاسا چەندین جار و دابەشکردنی بە دادگا و دەزگاکان بەگشتی.
٢. رێکخستنی دەیان وۆرکشۆپ بۆ یاساکە، لەم مانگەدا وۆرکشۆپێک لە هەولێر و دوو وۆرکشۆپ لە سۆران کراوە و لە داهاتوو لە سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە رێکدەخرێت.
٣. واژوو کردنی یاداشتنامەی لێک تێگەیشتن لەگەڵ ئەنجوومەنی دادوەری بۆ جێبەجێ کردنی یاساکە وەکو خۆی.

٤. ئێستا ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکانی هەواڵ و زانیاری، بە گوێرەی فتوای ئەنجوومەنی شورای هەرێم لە سەندیکا تۆمار دەکرێن وەکو رێکارێکی یاسای ژمارە (٣٥).
٥. بەستنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ وەزارەتی ناوەخۆ بۆ کردنەوەی خولی باشترکردنی پیشەیی بۆ رۆژنامەنووسان و کارمەندانی ناوەخۆ.
٦. سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەم ماوەیە بۆردێکی لەگەڵ پەرلەمان و وەزارەتی رۆشنبیری دروستکرد بۆ گفتوگۆی بەردەوام لەسەر یاساکە و بەو پێیەی کە سەندیکا خۆی خاوەنی پرۆژە یاسای ژمارە (٣٥)ی رۆژنامەگەرییە.

**سەبارەت بە رێکارەکانی کەمکردنەوەی پێشێلکارییەکان:**

١. بەستنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ وەزارەتی ناوەخۆ.
٢. کردنەوەی خوول و وۆرک شۆپی بەردەوام بۆ رۆژنامەنووسان بۆ پەرە پێدانی پیشەییان.
٣. سەندیکای رۆژنامەنووسان بەردەوام لە پەیوەندی دابووە لەگەڵ دام و دەزگاکانی ناوخۆ و ئاسایش.
٤. دەرکردنی راپۆرتی شەش مانگی بە هەرسێ زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.
٥. دانانی تیمی پارێزەرانی سەندیکا لەسەر خەرجی سەندیکا.
٦. سەندیکا لە دادگا پارێزگاری لە رۆژنامەنووسان دەکات بە بەکارهێنانی دەسەڵاتی خۆی وەک لە یاساکەدا هاتووە.

**وەزارەتی ناوەخۆ (لایەنی پەیوەندیدار):** سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ڕاپۆرتی پێشێلکاریەکانی تایبەت بە رۆژنامەنووسان بەشێوەی وەرزی بڵاودەکاتەوە، هەر ڕاپۆرتێك ئاراستەی وەزارەتی ناوەخۆ کرابێت بەدواداچوونی بۆ کراوە و وەڵام دراوەتەوە. هەروەها، هێزەکانی چالاکیە مەدەنیەکان وەزارەتی ناوبراو بەردەوام راهێنانیان پێ دەکرێت و خولی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت بۆیان سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ رۆژنامەنووسان لەکاتی رووماڵکردنی رووداوەکان و لە ئێستادا حاڵەتی پێشێلکاری بەرامبەر رۆژنامەنوسان زۆر کەمبووە.

**داواکاری گشتی (لایەنی پەیوەندیدار):** سەبارەت بە رێکارەکانی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٣) بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) تایبەت بە رۆژنامەنووسان، داواکاری گشتی کارەکانیان بە پێی یاسای داواکاری گشتی ژمارە (١٥٩)ی بۆ ساڵی (١٩٧٩) ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن، و رۆڵیان چاودێرە لەسەر جێبەجێکردنی هەموو یاساکانی جێبەجێ کراو لە هەرێم بۆیە لە کاتی هەر پێشێڵ کردنێک لە جێبەجێکردنی یاسادا، بەپێی یاسای داواکاری گشتی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت لە تانەلێدان و بەدواداچوون لە هەر بڕیارێک کە پێشێلی یاسایی تیا بکرێت.

**وەزارەتی ناوەخۆ (لایەنی پەیوەندیدار):** سەبارەت بە یاسای ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٣ بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، ئەم یاسایە لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە و رێنمایی بۆ جێبەجێ کردنی دەردەچێت.